گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 9, No. 3, pp. 460–475, Sept. -2021
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 26644681
journals.uoz.edu.krd

# سیستەمی پەروەردە وفێرکردن لە دەوڵەتی ساسانی 224-651ز

**کەلسومە جەمیل عبدالواحید** * **و ئەرسەن موسا ڕەشید و عماد عبدالقادر بریفکانی**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق .

وەرگرتن: 2021/07 پەسەندکرن: 08/ 2021 بەلاڤکرن: 2021/09 https://doi.org/10.26436/hjuoz.2021.9.3.702

**پوختە:**

چەندەها هۆکار وەکو پاڵنەر هەن ڕۆڵیان هەبووە لەپاڵ گرینگی دانی دەوڵەتی ساسانی بە کەرتی پەروەردەو فێرکردن . وەکو ئایینی، کە ئاڤێستا و وتەکانی زەردەشت و فەرمایشتەکانی پاڵپشتی ئەوەیان دەکرد کەتاکی کۆمەڵگای ساسانی پەروەردەی هزری جەستەیی بکرێن .ڕەوشی سیاسی دەوڵەتی ساسانی پێویستی بە کەسانی بە بڕوا و ئازا بووە تاوەکو بتوانن خزمەتی دەوڵەت بکەن وهەروەها فاکتەری سروشتی جوگرافی وای دەخواست کەسانی خۆڕاگر و بە توانا پەروەردە بکرێ بۆ ئەوەی بەرگەی دژواری و سەختی سروشت بگرن ، شێوازی پەروەردە و فێرکردن لە دەوڵەتی ساسانی دوو جۆر بووە فێربوونی شازادەکان خوێندنی تایبەتی بووە، هەروەها فێربوونی چینی گشتی . ئافرەتانیش مافی خوێندنیان هەبووە .بە شێوازێکی گشتی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن دوو قوناغ بووە ئەوانیش :

أ.پەروەردە و فێرکردن لە ماڵەوە

منداڵانی ماڵباتە خانەدان و دەسەڵاتداران لە تەمەنی پێنج ساڵیەوە لە ماڵەوە پەروەردە دەکران . ماوەی خوێندنی ماڵەوە تا تەمەنی حەفت ساڵی بوو،لەژێر سەرپەرشتی مامۆستای تایبەت بوونە .بەڵام خانەوادەی چینی گشتی دایك و باوك ئەرکی پەروەردەو فێرکردنیان لە ئەستۆ دابوو .کە فێری ئەخلاق و بەها بەرزەکانیان دەکردن.

ب. پەروەردە و فێرکردن لە دەرەوەی ماڵ

لەو قۆناغەدا منداڵ تاکو تەمەنی پازدە ساڵی خەریکی مەشق و پەروەردەی ئایینی دەبوو، کە هەر لەناو ئاشتگا شوێنی پەروەردەو فێرکردن هەبووە . دواتر لە قوتابخانە فێری نووسین دەبوو . منداڵە بەرپرسەکان هەر لەناو کۆشك دەیانخوێند . بابەتی ئایینی و ڕاڤەکانی ئاڤێستا فێر دەکران ،دواتر لە خوێندنی ناوەندی فێری زانست و هونەری تر دەبوون وەك ئەدەب و میژوو و ڕەوانبیژی و ئەسپسواری وتیر هاوێژی و مۆسیقا و ئەستێرناسی بەشێك بوو لە پرۆگرامی خوێندن . واتا گرینگی بەهەردوو لایەنی پەروەردەی جەستەیی و هزری دەدرا .

مەبەستی پەروەردە و خوێندن چەندان ئامانجی لە خۆ گرتبوو ، لەوانە نەتەوەسازیی ، ڕەوشت و بەها ئەخلاقیەکان و خزمەتکردنی خەڵك و دەوڵەت.

## 1. بەشی یەکەم دەروازە

لە هەندێ ژێدەر کە ناوی دەوڵەتی ساسانی 224–651ز بە خۆڕا بە " ئیمپراتۆرییەت " نەهاتووە ، ئەو هەر دەوڵەتێکی عەسکەری نەبوو ، بەڵکو لە هەناویدا دامودەزگایەکی پەروەردەیی هەبووە . ئەو دامودەزگایە بەشێکی فراوانی گرتووە " مەبەست لێی بیناکردنی تاکێك بووە بۆ ئەوەی هەردەم لە خزمەتی دەوڵەت دابێت . هەر لە ڕێگای پەروەردەوە ڕەگەکانی زەردەشتییەت لە هزر و ئاکار و بیرکردنەوە و ئامانجەکانی تاکی ساسانی چاندراوە.

گرفتی توێژینەوە

"گرفت_ئارێشە " شادەماری توێژینەوە پێکدەهێنێت. ماوەی مێژوویی دەوڵەتی ساسانی لە سەدەی سێیەم تاکو حەوتەمی زایینی دەگرێتەوە

* فەکولەرێ بەرپرس.

. پرسیارێك لە واهیمەی تاك دەجوولێتەوە چۆن دەوڵەت توانیویەتی لەو ماوەیدا پەروەردە وەك دەزگایەك بەكاربهێنێت بۆ بیناكردنی نەتەوەیەك ( ساسانی ) لە نێو نەتەوەكانی دی ( میدی و پارسی )؟ ئەم توێژینەوەیە لەو گرفتە دەكۆڵێتەوە كە چۆن پەروەردە نەتەوە و دەوڵەت بۆ ماوەی چەند سەدەیەك دەهێڵێتەوە!

ئامانجی توێژینەوەكە

توێژینەوەكە چەند ئامانجێكی هەیە ، لەوانە

1. ئاشناكردنی خوێنەری كورد بەو هەوڵە پەروەردەیانەی دەوڵەتی ساسانی.
2. دەرخستنی ئەوەی هەرچەندە حوكمرانی سیاسی ساسانی دەوڵەتێكی چینایەتی و نێرسالاریی بووە ، بەڵام لە پەروەردەدا ئەو دوو دیاردەیە كاڵتر بوون.
3. پیشاندانی پرانسیپ و پێكهاتەكانی پەروەردە ، كە بریتین لە ( مامۆستا ) و ( شاگرد ) و ( پرۆگرام ) و ( شوێنكاتی ) خوێندن لە دەوڵەتی ساسانیدا.

گریمانەكان یا پرسیارەكانی توێژینەوە

هەر توێژینەوەیەك بە میتۆدی كوالیتەتیڤ بكرێ ، لە جیاتی گریمان چەند پرسیارێك دەكرێن وەك پرسیاری توێژینەوە:

1. پەروەردە و خوێندن لە دەوڵەتی ساسانی لە ڕاژەی زەردەشتییەت دابووە ؟
2. ئازادی ئایینی لە پەروەردە هەبووە ؟

میتۆدی توێژینەوەكە

بۆ كۆكردنەوەی زانیاری دوو میتۆد لە ماستەرنامە و دكتۆرانامە و توێژینەوە بە گشتی پەیڕەو دەكرێن : ئەوانیش میتۆدی كوالیتەتیڤ و میتۆدی كوانتیتەتیڤ–ن . میتۆدی كوالیتەتیڤ كۆكردنەوەی زانیاری data collection–لە كتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە دەكات ، ئەم توێژینەوەیە پەیڕەوی ئەم میتۆدەی كردووە هەرچی میتۆدەكەی ترە زانیاری لە گفتوگۆ و پرسیارنامە و تەلەفزیۆن و ڕادیۆ كۆدەكاتەوە.

سیستەمی ژێدەر نووسین

سیستەمی هارڤارد ئەمڕۆ لە زۆربەی زانكۆكان پەیڕەو دەكرێ ، نەك پەیرەوی شیكاگۆ . ئەم توێژینەوەیە پەسەندی سیستەمی هارڤارد دەكات.

چوارچێوەی توێژینەوە

لە وڵاتی ئاریانشین چەند دەوڵەتێك لە ماوەی جیاواز هەبووە ، ئەم توێژینەوە تەنها تایبەتە بە دەوڵەتی ساسانی 224–_ 651 ز.

## 2. بەشی دووەم

### 1.2. چوارچێوەی تیۆریی پەروەردە و فێركردن لە دەوڵەتی ساسانیدا:

چەمكی پەروەردە لە ڕووی زمانەوە هەمان واتای وشەی عەرەبیەكەی " التربیە" دەگەیەنێت، بەمانای نەشونماكردن یان گەشەسەندن ، زیادكردن، پێگەیاندن یان چاكسازی دێ.(نوریها 1372: 34)مێژووی پەروەردە و فێركردن زۆر كۆنە بۆ بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی دەگەڕێتەوە. پەروەردرە لە هەر قۆناغێك شێوازێكی تایبەتی خۆی هەبووە.بۆ نموونە لە قۆناغی سەرەتایی پێداویستەكانی ژیان سادە بووە ، بۆیە پەروەردەش بەهەمان شێوە سادە و ساكار بووە ،بریتی بووە لە پەیڕەو كردن و لاسایی كردنەوەی كارەكانی پێشتر لە ڕەفتار و كردار، بەڵام لەگەڵ گەشەسەندنی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی، گۆڕانكاری لە پرۆسەی پەروەردەو فێركردنیش ڕوویدا وە ،بەوەی پەروەدەكردن سەرەتا تەنها ئەركی دایك وباوك یان هۆزەكە بوو، ئەویش بە فێركردنی دووبارە كردنەوەی چۆنیەتی هەڵسوكەوت ، پەیداكرنی بژێوی ژیان ، دواتر پەروەردەكار یان مورەبی یان كاهین واتا پیاوی ئایینی دەركەوتن ، ئەو ئەركەیان كەوتە ئەستۆ (خلفی 2017 : 101) . لە ڕووی زاراوییەوە چەندەها پێناسە بۆ پەروەردە كراوە ، وەك : پەروەردە پرۆسەیەكە بریتیە لە وەرگرتنی ئەزموون، كارلێك كردنی تاك لە گەڵ ئەو ژینگەیی تێیدا دەژی و بۆ پاراستنی پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكان و گواستنەوەی معریفەت لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر(ناصر 1999: 206 ) یاخود پەروەردە ئەو ڕێگە و هەنگاوانەیە بۆ پەرەپێدانی كەسایەتی مرۆڤ و دەرخستنی هێز و تواناكانی گیانی وژیری و جەستەیی ووجدانی و كۆمەڵایەتی و بۆ ڕاهێنان و پەروەردەكردنی تاكەكان تا ئەو كەسە ببێتە ئەندامێكی تەندروست بە جوانترین و تەواوترین شێوە ئەركەكانی لەبەرامبەر وڵات و بەرپرسیاریەتی خێزان و كۆمەڵگا لە ئەستۆ بگرێ( بكار 2011 :11) . پەروەردە لە ڕوانگەی ئەفلاگون (427–347 پ.ز )ەوە پرۆسەی ڕاهێنانی ئاكارییە،یاخود هەوڵدانێكی ئارەزوومەندانەی نەوەی كۆنە لە پێناو گواستنەوەی دابوونەریتی باشی ژیان ، هەروەها گواستنەوەی ئەو حیكمەتەی كە گەورەكان بە ئەزموون پێی گەیشتوون بۆ نەوەی تازە .( ئەفلاتون 2006: 132) .ئەرستۆ(348–322 پ.ز) دەڵێ پەروەردە ئامادەكردنی ژیریە بۆ وەرگرتنی زانست بەهەمان شێوەی ئامادە كردنی زەوی بۆ چاندن(العمرانی 2014: 17).بیرمەندی بەریتانی سبنسر (1820–1903ز) لەو بڕوایە دایە ،پەروەردە بریتیە لە ئامادە كردنی مرۆڤ بۆ ژیان كردنی تەواو (سبنسر2012 :14)

هەروەها فێرکردن بەشێکە لە پرۆسەی پەروەردە ئامانج لیّ ی پێگەیاندنی ژیری تاکە تا بتوانێت فێری زانستێك یان هونەرێك یان پیشەیەك ببیّ بۆ بەرەو پێش بردنی ژیان(الکحل 2014 :56) . کەواتە پەروەردە و فێرکردن پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی توانای تاکە. ئەو پرۆسەیە بە پیّ جیاوازی کۆمەڵگاکان جۆری پەروەردەو تێگەیشتن و ئامانجەکان و ڕێگەکانی دەگۆڕیّ . بەوەی هەر کۆمەڵگایەك ئامانج و پێوەرو بەهای تایبەتی خۆی هەیە هەولدەدات بۆ گەیشتن بەو ڕێگا و ئامرازە تایبەتیەی کە بۆی گونجاوە ئەویش لە ڕیگەی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە کە پێکهاتەی سەرەکی کۆمەڵگاکەن ( عامر 2008: 49) ، بۆ نموونە لە وڵاتی ئاریان گرینگی زۆر بە پەروەردەو پێگەیاندنی تاك دراوە بۆ ڕەوشتی بەرز و ڕەفتاری جوان وەك درۆنەکردن و گوێڕایەڵی خۆشەویستی وڵات و ڕێزی دایك وباوك وئازایەتی و دادگەری و کارکردن بۆ ڕەزامەندی خوداوەند (ئەهۆرامەزدا). لە پاڵ پەروەردە کردن بەم تایبەتمەندیانە فێری سوارچاکی وتیرهاوێژی وڕاستگۆی دەکران، ئەم شێوازە لە پەروەردەو فێرکردن لە دەوڵەتی ئەخمینی پەیرەو دەکرا (رزقانە واخرون،ب،س:429). پاش ئەوەی ئایینی زەردەشتی لە دەوڵەتی ساسانی بوو بە بناغەی حوکمڕانی و هەڵێنجانی زانیاری وئاراستە کردنی کۆمەڵگا بەو ڕەوتەی لە ژێر ڕۆشنایی وتە و ئامۆژگاریەکانی زەردەشت و فەرمایشتەکانی ئاڤێستا بووە (اصلانی و زرسناش1396: 56 ). پەروەردە و فێرکردن لە سەرهەمان بنەما بووە. دەوڵەت گرینگی زۆری بە پەروەردەو فێرکردن داوە، ئەمەش بە بنەمایەکی گرینگی دەوڵەت دادەنریّ. ئەمەش بۆ چەندەها هۆکار وەك پاڵنەر دەگەڕێتەوە ، لەوانە ئایینی وجوگرافی بەڵام فاکتەری ئایینی بە سەرەکی ترین پاڵنەر هەژمار دەکریّ چونکە دەوڵەت لەسەر ئەو ئایینە دامەزرابوو:

**2.2. هۆکاری ئایینی**

هەڵبژاردنی ئایینی زەردەشتی وەك ئایینی فەرمی دەوڵەت کە هەمان ئایینی سەردەمی ئەخمینیەکان بووە وبە تایبەتی سەردەمی(دارای یەکەم 522- 485 پ.ز ) ( دیاکۆنۆف1390 : 287). چونکە دارا زۆر گرینگی بە ئایینی زەردەشتی داوە و کردوویەتی بە ئایینی ڕەسمی دەوڵەت .بە هەمان شێوە ساسانیەکانیش (کرسیتنسن 1957: 84). ئایینی زەدەشتیان کرد بە بناغەی بونیادنانی دەوڵەت . ئەو تەوزیفکردنەی ئاین بۆ ڕۆڵی کەسایەتی ئەردەشێر کوڕی بابك (224-241ز) و پێگەی ئایینەکەی لە نێو پەرستگای (خوداوەند ئەناهیتا) کە باپیری ئەردەشێر، ساسان خۆی بەرپرسێکی مەزنی ئەو ئایینە بوو، دەگەڕێتەوە (گبری1988: :25) . جیهانبینی ئەردەشێر بۆ ئیدارەی دەوڵەت ئەوە بووە کە ئاین ودەوڵەت بەبیّ یەکتر نابن ، هەردووکیان وەکو دوو ڕووی دراوێکن، یا جمکێکن هەروەکو الپعالبی دەنووسێت : ئەردەشیر ڕێنمایی کوڕەکەی (شاپور) دەکات و دەڵێت :ئاین و دەوڵەت دوانەن دەوڵەت بەئاین دەمینێتەوە و ئایینیش بە دەوڵەت بە هێز دەبیّ (1963 :481. ) . هەروەها (ابن قتیبە الدینوری ) زیاتر لەسەر ئەمە دەدویّ و دەنووسێت : ئاین و دەوڵەت وەك دوو برا وان یەکێکیان بە بیّ ئەوی تر نابێت،ئاین بناغەیە دەوڵەتیش پارێزەر، جا ئەگەر دەوڵەت بناغەی نەبیّ دەڕووخێت و ئایینیش ئەگەر پارێزگاری نەبێت لە ناوودەچێت( 2008: 32). لەو سەردەمە گرینگی زۆر بە پەرانسیپ و بنەماکانی ئایینەکە دراوە و لەگەڵ فێربوون و پەروەردە کردن پەیوەست کراوە بە تایبەتی لە دەقە بەردەستەکانی ئاڤێستا بەشی زۆری بانگەشە و هاندانە بۆ کاری چاکە و هەوڵدان بۆ ژیان کردن و تێکۆشان و فێربوونی کردەوەی بەسوود و دوورکەوتنەوە لە خراپەکاری و ڕەشبینی بیّ هیوایی هەروەها گرینگی زۆری بەلایەنی مەعریفە و عەقل و فێربوونی زانست داوە(مهرین1358: 26)، هەتا ئەولەو ئایینەدا فریشتەیەکی تایبەت هەبووە کە کاری پارێزەری لایەنی معریفە و فیرکردن بووە ، ناوی لە ئاڤێستا بە (چێستی یان چێستا) هاتووە ، ناوەکەش بە واتای زانایی و زانست و زانیاری دێت (مێهر2009: 15). لە بیروباوەڕی زەدەشتیەت دا هەموو خراپی و ناشیرنیەك لە ئەهریمەنەوەیە ، کەچی (باشی) و (جوانی) لە (ئەهۆرامەزدا)_وەیە، بۆیە پێویستە مرۆڤ بۆ کاری چاکە خۆی بە ئەهۆرامەزدا بە هێز بکات لە دژی ئەهریمەن بوەستێت .لە بەر ئەوە پێویست بو لە کردەوە و ڕەفتاری نەشیاو وەك درۆکردن وخراپە خۆی بەدوور بگریّ تا ئەهریمەن شکست پیّ بێنێنن .ئەویش بە خۆ چەکدارکردن بە هەر سێ بنەما ڕەسەنەکەی ئایینی زەردەشتی :(بیری چاك. گفتاری چاك،کرداری چاك) تاوەکو گیانی مرۆڤ پاك بێتەوە لە تاوان(تاج بخش 1381:396) .فێربوونی زانست لە پێناو پێشکەوتن وخۆشگوزەرانی بە مافی سەرەکی مرۆڤ دەزانێت.لە چەندەها شوێنی ئاڤێستا وەك لە لە گاتا-43-2 هاتووە:

(*باشترین چاکە بەو زانایە دەگات ،کەلەڕێگەی ڕاست و دروستی ژیان مەبەستی بەختەوەریی پێشانی خەڵکی دیکە بدات .

*ئەی ئاهوورا ....خوازیارانی تۆ لە سایەی زانستی چاك و پارێزگاریدا بە تۆ دەگەن.

*لە سایەی زانست و پارێزگاری دەگەینە ئاهوورا.

ئەمە و لە چەندەها برگەی تر ئاڤێستا هانی فێربوونی زانست دەدات ،وەك وەڵامی (بورزگمیهری )حەکیم بۆ پرسیارەکانی کیسرا ئەنۆشێروان((531-579ز) لە پرسیاری :لە گەنجێتیدا چی باشە و لە پیریدا چی باشترە؟ لە وەڵام دا وتی:لە گەنجێتیدا فێربوونی زانست و

زانیاری و لە پیریشدا بە کاربردنیان ،هەروەها لە پرسیاری ،بۆچی دەبێ فێرکاریمان خۆشبوێت ولێی نەسڵەمینەوە، لە وەڵام دا : دەڵێ تا زۆرتر فێرببی قازانج وبەرژەوەندیت زۆرتردەبێت زۆرتر دەپارێزرێت.(قەقنەس 2018: 77) هەروەها ئەمانە پاڵنەرێکی بەهێزن بوون بۆ ئەوەی پەیرەوانی ئایینەکە گرینگی بە زانست و فێربوون بدەن . سەرەتا گرینگی تەنها بە خوێندنی بنەماکانی ئایینی زەردەشتی دەدرا و ڕاهێنانی منداڵان لەسەر بیروباوەڕی ئایینی و ڕەفتاری بەرز لە ڕێگەی بیری چاك گوتاری چاك و کردەوەی چاك، کە بنچینەی ڕەوشت بوو،لە دەوڵەتی ساسانی دا(دوستخوا1371 : 4) . هەر لە ئایینی زەردەشتی ئایینی مانی و ئایینی مەزدەك بەدەرکەوت کە هەرەشە بوون لەسەر ئایینی ڕەسمی لە لایەك ،لە لایەکی تر پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی زیاتری ئایینی مەسیحی و بەهەمان شێوە گەشەکردنی ئایینی (بودی) لە قەڵەمڕەوی دەوڵەتی ساسانی،(محمدی 1396: 164) ئەمانە هاندەر بوونە کە دەوڵەت گرینگی بە پەروەردە و فێربوون زیاتر بدات تا ئایینی دەوڵەت بە هێزی بمینێتەوە .(حکمت 1375: 82

## 3.2. پاڵنەری سروشتی و جوگرافی

سروشتی وڵاتی ئاری سروشتێکی سەخت و دژواری هەبووە هەر لە بیابانی بەرفراوان و چیای سەخت و بەرز ، ئەو تۆبۆگرافیە دەلالەت لە چەند نیشتمانێك لە دەوڵەتێك دەکات . کەم و زۆری بارانی ساڵانە کاریگەری لەسەر ڕێژەی بەرهەمی کشتوکاڵ لە دەوڵەت هەبوو(موری 1380: 17)) .زۆرجار کەمی باران بارین بووەتە هۆی قات وقڕی هەروەکو لەسەردەمی شا( قوباد 488–531) ڕوویداوە (باقر 1956: 502) .بەهۆی ئەو وشکە ساڵیە ، کە نزیکەی حەوت ساڵی خایاندووە (زادە 1389: 120) . ڕەوشێکی خراپی دروست کرد ، بە جۆرێك کاریگەری لەسەر ڕەوشی ژیانی خەڵك هەبوو. بۆیە پێویست بوو تاکی ساسانی لەسەر بنەمای کەسایەتیەکی خاوەن بڕوا و خۆڕاگر وبە هیمەت وبە قەناعەت پەروەردە بکرێ، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی سەختی سروشت ببنەوە .لە ڕێگەی تێکۆشان و خۆماندوو کردن و کشتوکاڵ کردن و تاوەکو بتوانن بەسەر سەختیەکانی ژیان دا زاڵ بن. سەرباری ئەمانە دەوڵەتی ساسانی دوژمنی زۆری هەبوو، هەروەکو لە بەشی باکوری ڕۆژهەڵات هەرەشەی هەڵمەتی خێڵە تورکیەکان لەسەر بووە(ئەفەندی 2017: 27) . لە بەشی ڕۆژهەڵاتیش ، هەیاتیلەکان ( ئەفتالیەکان ) . هۆزە کۆچەرەکانی هەبوون ئەو هۆزانە بە بەراوورد لە گەڵ پێشکەوتنی شارستانێتی ئێرانی دواکەوتوو بوونە لە لایەکی تر شوێنەکەیان بیابان بووە، بەهۆی کەمی خۆراك ، بەردەوام هێرشیان دەکردە سەر ناوچەکانی دەوروبەر بە تایبەتی بۆ سەر دەوڵەتی ساسانی وسنوریان دەبەزاند (پیرنا 2013: 364).هەروەها لەبەشی ڕۆژئاوا کێشەی سەرەکی لەگەڵ دەوڵەتی ڕۆمان هەبوو، کە دووچاری جەنگێکی نەبڕاوەی مێژوویی ببوو کە هەر لە سەردەمی ئەخمینیەکان(550–331پ.ز) وەکو میرات بۆی مابۆوە.( :902008 , Glenn. : Hooglund)بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو مەترسیانە، پێویست بوو تاکی ساسانی وەکو جەنگاوەر لە هەردوو لایەنی دەروونی وجەستەییەوە پەروەربکرێ.وەك مەشق و ڕاهێنان لەسەر خۆڕاگری و ئازایەتی بۆ خزمەتی سەربازی . تاوەکو بتوانی لەبەرەکانی جەنگ سەرکەوتوو بێ. ساسانیەکان هەروەکو ئەخمینیەکان منداڵەکانیان لەتەمەنی بچووکیەوە فێری تەکنیکی سەربازی دەکرد وەك سوارچاکی و تیرهاوێژی هەروەکو دیورانت لەم بارەیەوە دەنوسێت :ئێرانیەکان منداڵەکانیان لەسەر سێ شت ڕادەهێنا : سوارچاکی ، تیرهاوێژی و ڕاستگۆیی (دورانت 1947: 62) .بۆیە پەروەردەو فێرکردنیش وابەستەی ئەو ژینگەیە بووە کە تێیدا ژیاوە. لەبەر ئەوە پەروەردە و فێرکردن لەم ماوەیەدا تەنها لایەنی فێرکاری تیورییەوە نەبوو، بەڵکو کرداری و کارامەیی و پیشەگەریش بوو وەك فێربوونی هونەرو پیشە و هەروەها پەروەردەی جەستەیی . دەوڵەتی ساسانی لەگەڵ ئەو هەڵ ومەرجەی تێیدا سەریهەڵدا ئایین و حکومەتی چینایەتی و سروشتی سەخت پێویستی بە تاکی کارامە و لێهاتوو هەبوو بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە ڕێگەی هاندان و داهێنان لە بواری پیشەیی و هونەری لە بوارە جۆراو جۆرەکان دا. بۆیە ئەو بارودۆخە مێژووییە پێویستی بە سیستەمی تایبەت بەخۆی بووە بۆ زیندوو کردنەوەی مەزهەب و پەیوەندی پتەوی لە گەڵ دامەزراوە سیاسی و حکومیەکان دا ، ئەو ئالنگاریانە بوونە هۆی داهێنانی سەردەمێکی پێشکەوتوو لە گشت بوارەکاندا بەتایبەتی لە بواری فێرکردن لەڕووی هزری و کرداریدا.

## 4.2. پەروەردە و فێرکردنی منداڵان

### 1.4.2. پەروەردەی خێزانی

لە هزری ئاریەکان بنچینەی دامەزراندنی حکومەت لەسەر بنەمای خێزان بووە ، کە لەچوار یەکە پێکهاتووە لە ماڵ یان خێزان(نمانە) و گوند(ویس) و هۆز(زنتو) هەرێم (دەهیو) (کریستنسن1957 :4).خێزان بە بناغەی دامەزراندنی دەوڵەت دادەنرێت. پێکهێنای خێزان لە ڕێگەی پرۆسەی هاوسەرگیری بووە .ئەویش وەك فەرمانی ئاهۆرامەزا بووە: هاوسەرگیریی کارێکی بەرز و پیرۆز بوو لای ئاهورامەزدا ،هەروەکو لە (ڤەندیداد) هاتووە : ئەی ئەسپنتمان زەردەشت ،ئەز ،هەمیشە پیاوی ژندار لە پیاوی بێ ژن ،پیاوی خانودار لە پیاوی بێ خانوو و پیاوی خاوەن منداڵ لەبێ منداڵ ،پیاوی ساماندار لە پیاوی بێ سامان بە چاکتر دەزانم)(ڤندیداد 2001: 66 ) . یانی ئاهۆرامەزدا پیاوی خێزاندار و خاوەنی ماڵ و منداڵ و سامانی زۆر بێ باشترە ، لەوەی

خێزانی نەبێ و بێ ماڵ و سامان بێ. ئەم پرۆسەیە لە کۆمەڵگای ساسانیدا لە تەمەنی زووی کوڕ و کچدا جێبەجێ دەکرا : کچ لە تەمەنی پازدە ساڵی بگرە لە زووتریش بە شوویان دەدا یاخود هەرکاتێ گەیشتە تەمەنی باڵغ بوون ، بەهەمان شێوە کوڕانیش لەتەمەنی نزیکەی بیست ساڵی هاوسەرگیریان دەکرد (خانی وعزیزی 1386 : 79) .لە یەسنای 53 لە بەندەکانی(3 و 4 )کە لەسەر ژن هێنان و هەڵبژاردنی ژیانی هاوسەریی و هاندانە بۆ ژن هێنان هاتووە :(هاوسەری ژیانتان ئارەزومەندانە هەڵبژێرن ، داوێن پاکی و پاریزگاری ،بەهای تایبەتی ژنانە_دەخوازین ڕووناکایی وسروشتی چاکمان پێ بگات.) هەروەها لە یەسنا ( 53) لە بەندی (4 )دا زەردەشت لەڕێگەی هاوسەرگیری کچەکەی( پوروچیستا) گرینگی هاوسەرگیری دەخاتەڕوو .کە تێیدا هاتووە: (ئەم قسانە بۆ ئیوە دەکەم ،ئەی تازە بووکان و تازە زاواکان ،ئامۆژگاریم بە ئەندێشە وە بیستن و لە بیری مەکەن و بە ویژدانی خۆتان لێکی بدنەوە بە کاری بهێنن، بەردەوام بە ئەندێشەی چاکەوە بژین و هەرکەسێك لە ئێوە لەڕاستیدا بکەوێتە پێش ئەویترەوە تاکوو لە ژیان و بارودۆخی چاك بەهرەمەندبن).

پێویست بوو لەسەر هەموو بڕوادارێك هاوسەرگیری بکات تا لە ئاهۆرامزدا نزیك بێتەوە، و خێزان پێکەوەنێ و ماڵ بۆ هاوسەرو منداڵەکان دروست بکات . لە لایەکی تر هاوسەرگیریی شکست پێهێنانی هێزی خراپ و تازەکردنەوەی ژیان بوو:Cawasgi Katrak,1965

.6بۆ باش بەڕێوەچوونی هاوسەرگیریی دەوڵەت دەبوو یارمەتی ئەو کەسانە بدات ،کە خێزانیان پێك نەهێناوە تاوەکو هاوسەگیری بکەن هەروەکو لەڤەندیداد بەشی چوارەم لە بەندی ( 44 ) دا هاتووە (ئەرکی سەر شانی هەموو کەسێکە کە برای ئایینی خۆی هانبدات و ڕێنمای بکات بۆ ژن هێنان و بەرپاکردنی ژیانی هاوسەرێتی)(الڤیندادا2001: 66).چەند هاوسەرگیریی پیرۆز بوو ، دوورکەوتنەوە و وازهێنان لێی لە ژن هێنان بە کەسێکی نانەجیب و نا–مەقبوول دادەنرا ، هەر لەو ڕوانگەوە ( سەڵت)ی و ( ڕەبەنایەتی) قەدەغە وتاوان بوون ، هەروەکو لە ڤیندیداد بەشی چوارەم لەم بارەیەوە هاتووە: (پیاوێك کە ژنی هەیە خاوەنی فەزیلەتەو پیاوێك کە کوڕی زۆری هەیە فەزیلەتی هەیە و دەوڵەمەندترو باڵاترە لە پیاوێك کە نییەتی)،(الڤیندیداد 2001: 66) . منداڵهەبوون لە خێزان لە پێشەوەی ( نەزۆکی ) و ( وەجاغ کوێری ) بووە ، چونکە پیاو و ژنی منداڵ هەبوو ناوی هەبوو هەرچی ئەوەی منداڵی نەبوو بەبێ ناو دادنراوە ( علوی1377 :18) بۆ ئەم مەبەستە پاڕانەوەی تایبەت هەبووە بۆ داواکردنی منداڵ لە ئاهورامەزدا هەروەکو لە (یسنا ) (62)، بەندی (5 )دا هاتووە: (ئەی ئازەری ئەهۆرامەزدا،..منداڵێکم پێ ببەخشە ،کارزان....گەشەدەری ئایین....وڵاتپارێز...ئەنجومەننشین...بیر چاك ورزگاری دەر بن ،تا ماڵ و گوند و شار و وڵات و ناوبانگی وڵات بپارێن و گەشەی پی بدەن).

منداڵ لە دەوڵەتی ساسانی گرینگی تایبەتی پێدەدرا . چەندەها مەڕاسیمی ئایینی دەربارەی سەرەپای ژیانی منداڵ هەبووە ، وەك هەر لەودەمەی کۆرپەلەیە لە سکی دایکیدا تا دەگاتە تەمەنی هەرزەکاری و گەورە دەبێت بۆ نموونە پێش لە دایك بوون چەندەها نزا و پاڕانەوەی تایبەت هەبووە بۆ پاراستنی منداڵەکە و لە دایك بوونی ئاسان دەکات و خواردنی لە شیری دایکی بۆ دابین دەکات : لە (ئابان یشت) ،( کردەی یەکەم)، ( بەندی دووەم )هاتووە : ( ئەوە کە زاییینی ژنان ئاسان دەکاتەوە و لەکاتی خۆیدا مەمکی پڕ لە شیر دەکات ) تا ئەو ڕادەیەی هەبوونی منداڵی زۆر بەتایبەتی ڕەگەزی نێر (کوڕ) زۆر گرینگ بووە لە نێو کۆمەڵگای ئاریای،چونکە لەو سەردەمە کۆمەڵگا لەسەر بنەمای هێزی سەربازی دامەزرابوو پێویستی بە ڕەگەزی نێر هەبوو ، تا چەند ژمارەی کوڕەکانی زۆر بێت : دەوڵەت بەهێزتر بووە و هەڕەشەی دوژمن کەم بووە ، چونکە تەنیا کوڕ بوو پارێزەر و پشتیوانی خێزان بێت (بیژن 1315: 10) .هەروەها (هیرۆدۆتس)ی دەنووسێت : گەورەترین پیاوەتی لە لای ئێرانیەکان ئەوە بووە کە باوکی چەندین کوڕ بی. هەروەها زیاتر لەسەر ئەمە دەدوێ و دەنووسێت : ساڵانە پاشا دیارییەکی گرانبەهای دەبەخشیە ئەو کەسەی کە زیاتر لەهەمووان کوری هەبوایە، چونکە باوەڕیان وابووە کوڕ زۆری، هۆکاریکە بۆ هیز و دەسەڵات(2010: 95).خێزان وەکو فێرگەی سەرەتایی وا بووە بۆ منداڵ کە داب و نەریتی نەتەوەیی بۆ نەوەکانی دەگوازێتەوە (بیژن1350 :8) . لەو قۆناغە ئەرکی چاودێری و پەروەردە کردنی منداڵ لە ئەستۆی دایك بوو، لە هەمان کات دا ئەرکێکی ئایینی بوو، کە دایك چەند ئەرکێك فێری منداڵەکە بکات ، لەوانە :

١– دایك لەسەری بوو منداڵەکە فێری ڕەوشت وئاکاری بەرز و نەریتی کۆمەڵگای ئاریایی بکات هەروەها داری ماڵبات ( شجرە عائلە) بە منداڵەکە بڵێت و وای لێبکات شانازی بەڕابردوو بکات 2–ڕێنمایی منداڵ بکات بۆ گرتنەبەری ڕێگەی ڕاست و خواپەرستی و گوێڕایەڵی گەورەکان و یارمەتی دانی بەساڵاچووان.

-3فێری پاك و خاوێنی جەستە و جل لەبەرکردن و ڕاهێنانی بە تێکەڵ نەبوونی لەگەڵ کەسانی خراپ بکات (شاهرۆخ2016: 101) .

ماوەی پەروەردە کردن و چاودێری دایك تا تەمەنی پێنج ساڵ بووە دواتر باوك ئەرکی چاودێری کردن و پەروەردەکرنی دەکەوتە ئەستۆ (دیورانت 2010: 610).لەم قۆناغەی پەروەردەکردن بۆ هەردوو ڕەگەز کوران و کچان وەك یەك بووە .ئەو ماوەیەی کە منداڵ تا تەمەنی پێنج ساڵی تا حەوت ساڵان بە پەروەردەی خانەوادە یان خێزانی

دادەنرێ ، ئەم قۆناغە زۆر گرینگ بوو، چونکە بناغەی کەسێتی بۆ منداڵەکە دیاری دەکرا وکاریگەری هەبوو بۆ داهاتووی خێزان و کۆمەڵگا و وڵات . هەروەکو صدیق (1355 ) لەم بارەیەوە دەنوسێت :بە مەبەستی پەروەردە کردنی منداڵان لە سەردەمی ساسانی بۆ سێ خاڵ کورت دەکاتەوە: یەکەم :بۆ خزمەت کردنی کۆمەڵگا .دووەم: بۆ خزمەتکردنی خانەوادەو هەڵگرتنی بەرپرسیاریتی دایك و باوك .سێیەم: بۆئەوەی ئەندامێکی چاکتر لە کەسانی تر دەربچی( 16 : 1355) . لەمەدا دەفامرێتەوە قۆناغی یەکەمی پەروەردە و فێرکردن لە دەوڵەتی ساسانیدا " ماڵەوە " بووە ، لەوێ منداڵ بە بیرۆکەی خێزان پارێزی و نەریتپارێزی و ئایین پارێزی و نیشتمان پارێزی گۆش دەکرا ، بەمەش زۆر ئەرك بۆ مامۆستای دەرەوەی خێزان ئاسان دەکرا .

.2:2:4 پەروەردەو فێرکردن لە دەرەوەی خێزان

منداڵ تا تەمەنی پێنج ساڵی لەژێر چاودێری و سۆز ومیهرەبانی دایك دا دەبوون. هیرۆدۆت 2010) هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە ،نەوەك منداڵەکە لە تەمەنی بچوکی بمرێت کاریگەری لەسەر باوك بە جێ بهێڵێت( 2010: 95) . هەرچەندە ئەو هۆکارە زۆر لاوازە ، لەوانەیە لەبەر ئەوە بێ منداڵ لەو تەمەنە پێویستی بە چاودێری و سۆزی دایکە سروشتی منداڵ وایە لەو تەمەنە هۆگری دایکی دەبێ زیاتر . تا تەمەنی حەوت ساڵی دواتر باوك سەرپەرشتی منداڵەکەی دەگرتە ئەستۆ،بە واتای ڕەوانەی لای مامۆستایەك یان شوێنی تایبەتی دەکرد بۆ پەروەردە و فێربوون. لە خوێندنەوەی ژیاننامەی زەردەشت دەردەکەوێ کە (زەردەشت) لە تەمەنی حەوت ساڵی نێردراوە بۆ لای مامۆستایەك بە ناوی (غورو بورزین کروس) غورو ناسناو بووە ، واتای (دانا )–_مامۆستا دەبەخشی. دیارە غورو زانای بەناوبانگی ئەو سەردەم بووە بۆ خوێندن وفێر بوونی نووسین هەروەکو احمد (2011 ) ئاماژە بە قۆناغی منداڵی و هەرزەکاری زەردەشت دەکات و دەنووسێت: کاتێ زەردەشت تەمەنی گەیشتە حەوت ساڵان باوکی ناردوویەتی بۆلای زانایەکی بە ناوبانگی ئەو سەردەمە بەناوی(غورۆ بەرزین) بۆ فێربوونی خوێدن و نووسین وبیروباوەڕی ئەوکات ( 2011: 18).بۆماوەی هەشت ساڵ لەلای ئەو مامۆستایە ماوەتەوە .

باپیری ئەردەشێر هەمان شتی دووبارەکردۆتەوە وەك تەقدیسێك : لە تەمەنی حەوت ساڵی باپیری بابك دەینێرێ بۆ لای مامۆستایەك بەناوی (تیرا) هەروەکو (گبری) ئاماژە بەوە دەکات دەنوسێت : کاتێ ئەردەشێر تەمەنی گەیشتە حەوت ساڵی بابك باپیری ناردوویەتی بۆ شاری (دارابەگردە ) لای حاکمی ئەو شارە ئەویش ناردی بۆ لای بەخیوکەر یان مامۆستایەك بەناوی (تیرا)(گبری 1998: 2: 6) . لەو ماوەیەدا پەروەدەی هزری و جەستەیی منداڵ دەکرا تا دەگەیشتە تەمەنی پازدە ساڵی کە قۆناغێکی نوێ دەستی پێ دەکرد ،ئەویش چوونە نێو تەمەنی گەنجی و بالغ بوون و پابەند بوون، بووە بە زەردەشتیەت ، پۆشینی پشتێنی پیرۆز (سدرە کوشی)هەروەکو لە ئاڤێستا هورمزد یشت لە بڕگەی 17 هاتووە : (ئەوەی لە کاتی لە خەو هەستان یا کاتی نووستن ..کاتی بەستنی کوشتی یا لێکردنەوەی ..کاتی ڕۆیشتن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنیکی دی یا وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر ئەم ناوانەی من بلێتەوە.) ئەم مەراسیمە زۆر گرینگ بووە لە ئایینی زەدەشتی دا لەبەر نەکردنی ئەم پشتێنە تاوانیکی گەورە بوو و لە بێ باوەڕان هەژمار دەکرا (بیدکی 1397: 178 ).لەمەوە دەردەکەوێ لەو سەردەمە تەمەنێکی دیاری کراو هەبووە و پەیڕەو کراوە بۆ فێر بوون،تا تەمەنی پازدە ساڵی کە لەو تەمەنە قۆناغەکانی پەروەردەی دەروونی و جەستەیی تەواو دەبوو ،بەرەو قۆناغی لاوێتی و گەنجی و ئامادەکاری بۆ قۆناغی بەپرسیارێتی هەروەکو (گبری) دەگێرێتەوە کاتێ (شاپوری دووەم 309–_379 ) لەتەمەنی شازدە ساڵی بووە وتار بۆ دەسەڵاتدارەکان وسەرکردەکانی سوپا و بەرپرسان دەدات ودەسەڵات وەردەگرێت و دواتر سەرکردایەتی سوپا دەکات لە دژی عەرەبەکان و ڕۆمەکان دەجەنگێ. (1988: 21). پەروەردەو فێرکردن بەمەبەستی پێگەیاندنی نەوەیەکی گوێڕایەڵ بۆ خزمەت کردنی دەوڵەت بووە. بۆیە فێرکردن بەهەردوو جۆری کرداری و تیوری بووە،دیارە جۆرە پەروەردەیە لە ئایینی زەردەشتیەت سەرچاوەی گرتووە ،هەروەکو لە گاتای 32 بڕگەی7 هاتووە):

هیچ کام
لە تاوانباران نازانێ
وەك چۆن ژیان و ئەزموونەکرانی ژیان
فێرمان دەکەن.
پێشکەوتن لە کار وکۆشش دایە. )(دوستخوا 1385 :331. (

**2.4.2. ڕۆڵی پیاوانی ئایینی لە پرۆسەی پەروەردە وفێرکردن**

لە زۆربەی شارستانێتیە کۆنەکان دا پەروەردە و فێربوون و زانین پەیوەست بووە بە پەرستگا ،بەوەی پیاوانی ئایینی شارەزای زانستەکان بوونە. هەروەها ئەوان ڕۆڵی ئاراستە کردن وئامۆژگاری کردنی دەسەڵاتداران و کۆمەڵگایان لەئەستۆ بووە ، بۆ نموونە لە شارستانێتی میسر پیاوانی پەرستگا پێگەیەکی بەرزیان هەبووە بەوەی لەیەك کات دا هەم بەریرسی پەرستگا و هەم پزیشك ودادوەر و مامۆستا بوونە.(باقر1956: 114) بە هەمان شێوە لە مێژووی وڵاتی نێوان دووبار بەوەی پیاوانی پەرستگا مامۆستا و داهێنەری نوسین و فێرکردن بوونە(باقر 1973: 329).مامۆستایان لە ئێرانی کۆن دا مەزنترین چینی کۆمەڵگا بوونە،بە پارێزەری داب و نەریت و ناسنامەی نەتەوەیی هەژمار دەکران کە لەوانەوە زانست وزانیاری بۆ نەوەکان دەگوازرایەوە.

موغەکان ( پیاوانی ئایینی) کە لەهەمان دا مامۆستاش بوونە ،ئەوان چینێکی خاوەن هێز و دەسەڵاتی بەرز و دیاری کۆمەڵگا بووەنە. کاروباری ئایینی و دونیایی لە ژێر فەرمانی ئەوان دا بووە، پێگە وپلەیەکی بەرزیان هەبووە تا ئەو ڕادەیەی لەدیدی ئێرانیەکان هەر کارێك ئەگەر فەتوا و قسەی موغەکانی لەسەر نەبووایە بە کارێکی نەشیاو نادروست دەزاندرا .(نفیسی 1388: 40 ).ئەوان خەڵکیان فێری ڕەوشت وبنەماکانی ئاییینی زەردەشتی دەکرد. بەتایبەتی منداڵان ، ئاشنایان دەکردن بە ڕێورسمەکان و جێ بەجێ کردنی یاسا بە لەبەرکردنی بنەماکان و شرۆڤەی ئاڤێستا بووە .پێگەی مامۆستا زۆربەرز و پیرۆزبووە بەوەی( زەردەشت)بە مامۆستای ڕاستی ناوزەند کراوە، کە ئەرکی فێرکردن وبڵاوکردنەوەی باوەڕی خواپەرستی و ڕێنمایی خەڵك بۆ ڕێگای ڕاستی، هەروەکو لە یسنا 29 بند 9هاتووە(ئەم فەرمووده پیرۆزەی ئەهوورا مەزدا بە چاکترین شێواز و ڕەوشت پەرە پێدەدین و تۆیش (زەردەشت)بە هۆنیاو و مامۆستای ڕاهینەری دەزانین) هەروەها لە گاتاکان هات 28 برگەی 4 دا هاتووە:

(ڕۆحم بە ئەندێشەی باش

،دەخەمە ماڵی ئەبەدییەت

وە بە ئاگایی لە پاداشتێك کە

ئەهوورا مەزدا بۆ کارە باشەکان لەبەر چاوی گرتووە

تاکوو لە توانام دایە

خەڵکی فێر دەکەم

لە ڕێگای ڕاستیدا تێبکۆشن.(وەحیدی 2013: 11))

پیاوانی ئایینی بەهۆی ئەو بەرپرسیارێتیەی هەیان بووە ،ببوونە چینیکی کاریگەر لە کۆمەڵگای ساسانی بە تایبەتی دوای ئەوەی ئەردەشیر کوڕی بابك، ئایینی زەردەشتی کردە ئایینی دەوڵەت (الرکابی 2007: 274) لە ڕووی سیاسی و ئایینی وکۆمەڵاتیەوە. ئەم هەژموونەی زانایانی ئایینی دەگەڕێتەوە بۆ ئامۆژگارییەکانی زەردەشت کە فەرمانی بە پەیڕەوانی دەکرد تاوەکو گوێڕایەڵی تەواوی زانایان بن هەروەکو لە گاتاکان،هات 31،برگەی 19 دا هاتووە:

ئەی مەزدا ئەهوورا

بەڵکو خەڵك گوێ لە

قسەی زاناکان بگرن،

چونکە زانا دروست بیر دەکاتەوە

چارەسەری کێشە و گرفتەکانی ژیانی خەڵکە

لە گوتاری ڕاستەقینەدا فەسیح و بە توانایە و

لەبەر تیشکی ڕووناکی تۆدا

جێگەوپێگەی هەر دوو گروپەکە ڕوون دەکاتەوە...(وەحیدی 2013: 186 )

هەروەها لە 29 بەندی 8 هاتووە : ( زەردەشت مامۆستای ڕاستی بوو.بە بیرکردنەوی چاکەی لە جیهان دا بڵاوەپێکردووە)

لەووتەکانی (ئازەرباد ماراسپەند) کاتێ ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکات بەوەی هانی دەدات تا ببێتە فێرکار و ڕاهێنەری خەڵك بۆ فێربوونی زانست و زانیاری هەوەکو پێی دەڵێ : کوڕی خۆم پێت دەڵێم کە مەزنترین و باشترین بەخشش هەمان پەروەردە و ڕاهێنانی خەڵکە ،چونکە ماڵ و سامان تەواو دەبێت و گایلەبەرانیش دەمرن. بەڵام پەروەردەو ڕاهێنان لەسەر زانست و زانیاری بۆهەتا هەتایە. (ای پسر من بشنو میگویم که بهترین بخشش ها تعلیم وتربیت مردم است زیرا مال ومکنت زوال پڑیرد وچهار پایان بمیرد ولی دانش وتربیت باقی ماند)(ایرانی 1334: 99 )بەهۆی ئەو پێگەیەی مامۆستا هەیبووە ارداویراف لە گەشتەکەی بۆ ڕۆژی دوایی باسی شوێنی مامۆسیان دەکات کە لە شوێنێکی بەرز بوون وزۆرشاد بوو ستایشیان دەکرا ( ربیع زاده وحسنی 1394 :60) لە ڕووی سیاسیەوە ئەو چینە ببوونە خاوەن پێگەیەکی بەرز و چینێکی کاریگەر شان بەشانی چینەکانی تری دەسەڵاتدار، دەستیان دەخستە نێو کاروباری سیاسی دەوڵەت. ڕۆڵیان هەبووە لەسەر لادانی شاهنشاه، ئەگەر( شاه) خاوەن کەسایەتیەکی لاواز و جێی ڕەزامەندی ئەوان نەبووایە هەروەکو ئەردەشێری دووەم ( 379–383.)کەمتر لە چوار ساڵ حوکمی کردووە لایان دا(شعبانی 1380: 260).جگە لەمانە ئەوان ئەرکیان تاج لەسەرنانی(شاه) بووە . بۆ نموونە لە دوای مردنی ئەردەشێری کوڕی بابك لە ساڵی 241 م شاپوری یەکەم بوو بە شاهنشاهە ئاهەنگی تاج لەسەرنان لە ساڵی 242 ز ئەنجام درا بە ڕابەری موبد موبیدان بوو،هەروەکو مسکویە (2002 ) ئاماژە بەوە دەکات دەنوسێت : ئەوان واتا موبدان موبد تاجیان لەسەر هەریەکێك دادەنا کاتێ دەبوونە مەلێك.( 2002 :118) .هەروەها لە کاتی هەبوونی کیشە لەسەر جێنشین ئەوە ئەوان مافی یەکلا کردنەوەیان هەبووە بۆ بڕیاردان و دیاری کردنی شاهنشای داهاتوو، هەروەکو کاتێ قوباد کوڕی فەیرۆز کۆچی دوای کرد( کاووس) کوڕە گەورەی جینشین بووە . بەڵام پیاوانی ئایینی زەردەشتی ،بە بیانووی لایەنگیری و دڵسۆزی بۆ (ئایینی مەزدەك) لایان دا و( کیسرا ئەنۆشێروان)یان هەڵبژارد کە دڵخوازی خۆیان بووە بەوەی زەردەشتیەکی ڕژد بووە (باقر 1980: 141) پێشەوایانی ئایینی (موبد موبیدان) هەمیشە لە گەڵ شاه بوونە لە لەکاتی ئاشتی و جەنگ و گەشت و ڕاووکردن، ڕاوێژکار و ڕێنیشاندەری شاه بوونە . بۆ نموونە دینوری( 1959)ئاماژە بە ڕووداوی جەنگی شاه (فەیرۆز 459–484

م) لە گەڵ هەیاتیلەکان دەکات .کاتێ فیرۆز شاە دەرچووە بۆ شەڕ (موبید)ی لە گەڵی بووەو دوای ئەوەی لەشەڕەکەدا شکستی خواردو و کوژراوە و( موبید) لەگەڵ خانەوادەو وەزیرەکان بە دیلگیراوە. لە ڕووی ئابووریەوە پیاوانی ئایینی خاوەنی سامانێکی زۆر لە زەوی بە پیت و مولك و گوند بوونە.دەوڵەتی دەسەڵاتی بەسەر ئەوان نەبووە ، یاسای تایبەتی خۆیان هەبوو،هەروەکو دەوڵەت لە ناو دەوڵەتیکی تر بوونە،(پیگولوسکایا1367 :479) .لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە ، دەسەڵاتێکی زۆریان لە نێو کۆمەڵگای ساسانی دا هەبووە لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگا و دروست کردنی بیروبۆچوون و دونیا بینی تاك . لە بیروباوەڕ و دوعا و پاڕانەوە یارمەتی دانی خەڵك لە پاککردنەوەیان لە تاوان (نفیسی 1387: 41) ،بەوەی مرۆڤەکان پێویستی بەردەوامیان بە پیاوانی ئایینی هەبووە لە ووردترین ڕووداوی ژیانی ڕۆژانەیان ،وەك گوناهەو تاوان و کردن و پاك بوونەوە لە تاوان و بێ بڕوایی و ڕێورسمی هاوسەرگیری و ناشتنی مردوو و منداڵ بوون و بەستنی پشتینی پیرۆز(کوشتی) وبۆنەو ئاهەنگەکان و جەژن و خوێندنی سروودی ئایینی و ئەنجام دانی نوێژ وپارانەوە(شعبانی 1380 : 256) هەروەکو کریستنسن ئاماژە بەوە دەکات کە چینی پیاونی ئایینی پەیوەندیان بە هەموو ووردەکاریەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك هەبووە هەر لەدایك بوونیەوە تا مردن (کانت تلازم الرجل من المهد الی اللحد).(1957: 104) .هەروەها کاری دادوەری و سەرۆکی دادگا بوونە کە کاری هیربد هیربدان بووە بەڵام گبری دەڵێ موبید موبیدان ( قاچی القچاە ) بووە .(36 :1998).

پیاوانی ئایینی وەکو مامۆستاڕۆڵێکی یەکجار مەزنیان هەبووە لەپێگەیاندن و پاراستنی کەلتوور و داب ونەریتی ئێرانیەکان بە تایبەتی لە سەردەمی هەژمونی مەکدۆنیەکان لەگەل هەبوونی فشار و هەژموونی بێگانە ئەوان بە گەورەترین پارێزگاری فەرهەنگ و نەریتی ئێرانی دادەنرێن بەهەمان شێوە ،لەسەردەمی ئەشکانیەکان کە حکومەتێکی ئازادهەبوو ئەوان رۆڵیان هەبووە لە زیندووکردنەوەی نەریتی نەتەویی و سونەتی تا وای لێهات لەسەردەمی ساسانی توانیان بگەنە ئاستێکی بەرزی پێشکەوتنی شارستانێتی لە جیهان دا.(حکمت1350: 373) مامۆستا لەسەردەمی ساسانیەکان سەرچاوەی باوەرپێکراوی گواستنەوەی زانست وناوەندێکی متمانەی گەیاندنی زانیاری و ڕۆشنبیری بووە بۆ نەوەکانی داهاتوو. ماموستای لێهاتوو ، خاوەن ئەزموون و دانایی بوونە.تاکە سەرچاوەی گشت زانیارەکان بوونە کە لە ئایینی زەردەشتی سەرچاوەی گرتبوو(ایرانی 1334: 46) فێرکاری سەرەتایی کۆمەڵگا کۆنەکان بۆ بەدی هینانی بەها ئەخلاقیەکان ودەستەبەرکردنی زانست و پێنیشاندانی ڕێ و ڕەسمی ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵاتیەکان پەنایان بۆ ئایین دەبرد ،ئاشنا بوون بە فێرکاری بیروباوەر و ڕینماییەکانی زەردشت وپەند و ئامۆژگارییەکانی. هەروەها ئەردەشێر خۆی یەکێ لە خانەوادە ئایینیەکان هەژماردەکرد. دەوڵەتەکەشی لەسەر هەمان بنەما دامەزراندووە. بۆیە پیاوانی ئایینی بوونە خاوەن پایەکی بەرز لە ڕێگەی ئامۆژگاری و پەندەکانیان زۆر جەخت لەسەر فێرکردنی خەڵك دەکەنەوە بۆ نموونە لە ئامۆژگارییەکانی(ئازەرباد ماراسپەند)هاتووە :(هیچ سامانێك لە زانایی باشتر نیە و هیچ خزمەتێکیش لە پەروەردە و ڕاهێنانی خەڵك لەسەر زانست و پیرۆز تر نیە) (ایرانی 1334: 100) ئەرکی سەرشانی مامۆستا قورس بووە بەشەوتا بەرە بەیان خەریکی خۆێندن و ئامادەکردنی بابەتەکان بوو، وهەرکاتێك بەشەو بنووستبایە و نەیخوێندبا و بابەتەکانی ئامادە نەکردبا ئەوا وا بیری دەکردووە کە تاوانی لە پیشەکەی کردووە.( بیژن 1350: 51).مامۆستاکان بە رۆژ سەقاڵی وانە ووتنەوە و فێرکردن بوونە بۆ ماوەی هەشت کاتژمێر لە ڕۆژێك بووە .هەروەکو لە ڤینداد،فەرگود 8،بند 6 هاتووە :(ئەی زەردەشتی پیرۆز هەر مامۆستایەکی روحی بەشەو بیدار بی وخەریکی خوێندن و ئامادەکردنی وانە بێت بۆ ئەوەی بە خەڵکی بلێتەوە ئەوان بە هێزی دل و خێرایی لەسەر پردی سیرات دەبڕن واتا دەچنە بەهەشت)

مامۆستاکان لە نێو کۆمەڵگەی ساسانی زۆر بەرێز و خاوەنی ڕەفتاری بەرز وجوان بوونە .سەرەرای ئەوەی مامۆستاکان خاوەنی مەعریفە وزانست بوونە هەروەها شارەزایی هونەریەکانی جەنگ بوونە (بیژن 1350: 51).پەیوەندی نێوان مامۆستا و فێرخوازان لەسەر بنەمای و خۆشەویستی و دڵسۆزی بووە(صدیق 1355: 17) لەو سەردەمە پسپۆری دروست بووە، چینی موغان کاریان فێرکردنی ئایین و بەها ئەخلاقیەکان بووە کە پێیان دەووترا (همگ دین )وەك نازناوێکی فەخری بووە بۆ ئەو موبیدانەی کە ئەرکی ئایینی وزانستە پەیوەندارەیەکانی دەزانێت (کریستنسن: 1957 110) لەسەردەمی ئەخمینەکان پێیان دەووتن (ئیپراپائی تی) بە واتای دانا (دانش) (حکیم ) لەیەك کات دا دەرسی ئایینی و زانستی و دونیای دەووتەوە (مهرین1388: 37). چینێکی تر پێیان دەووتن (فرهەنگیان) و (ئەندەرزپاتان) (بیژن 1315: 60)یان( ئەندەرزبەدان) زانست و ڕۆشنبیریان فێری خەڵك دەکرد.(دریای 1383: 145).هەروەها مامۆستاکان بەپێی جۆری بابەت و تەمەنی فێرخوازان دیاری دەکران وەك بۆ منداڵەکان مامۆستای بەتەمەن دیاری دەکرا بۆ ئەوەی پەروەردەی ڕەوشت و ڕەفتاری شایستەتیان فێربکەن و بۆ پەروەردە کردنی نەوجوانان لە نێو ئەو مامۆستایانی لێهاتوو دیاری دەکرا بتوانن بە شێوەیەکی دروست پەروەردەیان بکەن ، تاوەکو لە داهاتوو بتوانن خزمەتی دەوڵەت بکەن

(حکمت 1350: 371) بابەتەکانی زانستی زمان و ئەدەب و مۆسیقا وهونەر و پیشەیی و پزیشکی و وەرزش و جەستەیی وپیشەیی و هونەری هەڵکۆڵین و کانزاکاری و وێنەکێشان فێردەکران بە واتای هەر بابەتێك مامۆستایەکی تایبەتی هەبووە ، بەڵام لە گەڵ ئەوەش دا پێویست بوو مامۆستای هەر بابەتێك ، شارەزایی تەواوی لە بنەماکانی ئایینی زەردەشتی هەبێ لە پاڵ بابەتەکانی تر، بە فێرخوازانی ڕابگەیەنێ (بیژن 1350: 51)مامۆستا ڕۆڵێکی مەزنی هەبوو لە پێگەیاندن و پەروەردەکردنی ئەندامەکانی کۆمەڵگا،بۆیە ئەوان بابەتەکانیان بە شێوازی تیوری و کرداری دەووتەوە،وەك شێوازی زارەکی وگوێ گرتن لەبەرکردن منداڵەکان فێردەکران.(تاج بخش1381: 397) بۆیە بابەتەکان زیاتر بە لەبەرکردن فێردەکران بەهۆی کەمی وەرەقەی بوردی و کاغەز، هەندێ جار ڕووی کانزا و گڵ و پێستی ئاژەڵ بۆ فێربوونی نوسین بەکاردەهینرا. هەرچەندە لە سەردەمی ساسانیەکان پیشەسازی کاغەز هەبووە و زۆر پێشکەوتوو بووە، بەڵام نرخی گران بووە ،بۆیە زۆر بەکارنەهاتووە. جگە لەمانە مامۆستاکان بۆ تیگەیشتن و فێرکردنی چیرۆك و داستانەکان ونموونەیان بۆ دەهێنانەوە ، ئیوارانیش ئەوەی فێربیبوون بە کردەیی پیادەیان دەکرد ،دەیانبردن بۆ نێو دارستان بۆ ناسینی سروشت وفێری ڕاو و تیرهاوێژی دەکران (صدیق 1355: 25)ئەمەش زیاتر بۆ تێگەیشتن بونیادنانی جەستەیکی پتەو بەهێز بووە. کەواتە مامۆستایان لە دەوڵەتی ساسانی خاوەنی نەهێنیەکانی زانستی ئایینی و دونیایی بوونە ڕاڤە و گوزارشتی ئاڤێستایان دەزانی ، خاوەن پێگەیەکی بەرزی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بوون .لە هەموو بوارەکانی ژیانی تاك و کۆمەڵگا ڕۆلیان هەبووە ،جگە لەمانە ئەوان هاودەم و هاوەڵی شاهنشاه بوونە لە ئاشتی و جەنگ دا. هەروەها ئەرکی پەروەردەو ڕاهێنانی گیانی و جەستەییان لە ئەستۆ دابووە ، لەبەر ئەوە ڕێزی زۆریان هەبووە لە لای خەڵك و دەسەڵاتداران.

### 2.5. پەروەردەو فێرکردنی شازادەکان:

پەروەردەو فێرکردن لەسەردەمی ساسانی بۆ شازادەکان و منداڵەکانی بنەماڵەی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت، بە واتای منداڵانی پیاو ماقوڵان وپایەداران،کە حەوت بنەماڵە دیارەکانی ئەو کات (ساسان ،کارن ، قارن، اسپهبز پەهلو، سپندیار ، مەهران) (نفیسی1388: 34) خوێندنی تایبەتی بووە(دیورانت 2010: 611) ئەوانە لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتیان لە ئەستۆدابوو. منداڵاکانیان داهاتوویان دیار بوو. کە دەبوونە حاکم و بەڕێوەبەر و بەرپرسی دەوڵەت. بۆیە لەتەمەنی بچوکیەوە ڕادەهێنران بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی(تاج بخش1381: 397). بەڵام گرینگی پێدانێکی تایبەتی تر گوشاری زیاتر بۆ ئەو شازادانە بوو کە جێنشین بوون، ئامادە دەکران بۆ وەرگرتنی تەختی پاشایەتی بە چاودێرو بەخێوکەری تایبەت دەسپێردران (بیژن 1315: 63)هەرچەندە بۆ فێربوونی دەرەوەی خێزان تەمەنی حەوت ساڵی بووە هەروەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا. بەڵام لەوە دەچێ ئەم تەمەنە مەرج نەبووێ بە تایبەتی بۆ ئەو شازادانەی کە لە داهاتوودا دەبوونە پاشا چونکە بە پێی گێرانەوەی (گبری 1998)کاتێ باسی شاه (بەهرام کوری یەزگورد) دەکات دەڵێ : بهرام لەلای عەرەبەکانی حیرە پەروەردەکراوە،بۆ ماوەی سێ ساڵ شیری پیدراوە ولە تەمەنی چوار ساڵی لە شیر کراوەتەوە ،هەرکە تەمەنی بوویتە پێنج ساڵان داوا لە مونزیری نوعمانی کوڕی مونزیر دەکات ،تا مامۆستا و زانایانی بۆ دابین بکەن، تاوەکو فێری خوێندن و نووسین و زانست و ڕەوانبێژی وتیرهاوێژی ببێ.مونزیر پێ دەڵێ تو هێشتا تەمەنت بچووکە.بەهرام لە وەڵام دا دەڵێت من بچووکم بەڵام عەقلم مەزنە .ئەویش باشترین مامۆستا و ڕاهێنەری بۆ دابین دەکات (1998: 32–33) دیارە منداڵە شازادەکان هەر لە چوار ساڵیەوە لە ژێر چاودێری چوار زاناترین مامۆستایان پەروەردە دەکران، و فێری نووسین و خوێندن فقه وتیر وڕم هاوێژی دەکران . (الفردوسی1977 :146) خوێندنی ئەم ماوەیە هەشت ساڵ بووە(صدیق 1355: 12)،دەکرێ ئەو ماوەیە وەك قۆناغی سەرەتایی بووبێ، بەڵام حکمت دەڵێت وەك ئامادەیی وابووە( 1350 :365) لەم ماوەیەدا چەندەها بابەتی دیاریکراو فێردەکران،وەك ئاشنا بوون بە ئاڤێستا و زەند و ئەدەبیات ومێژوو و هونەر و ئاخافتن و هونەری ئەسپ سواری تیرهاوێژی و رم هاوێژی ومۆسیقا وسروود وئەستێرناسی وشەترنج و هونەری پۆشینی جل و بەرگ و چێشت لێنان . بە واتای گشت ئەو بابەتانەی پێویست بووە بۆ پێگەیاندنی گەنج لەو سەردەمە. بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی تەمەن و بابەتەکانی فێربوون لەسەردەمی ساسانی دەتوانیین ئاماژە بە دەقیکی پەهلەوی بکێن بە ناوی (پندنامگ–زەردەشت) لە(هادیلبرگ) لە ئەلمانیا لە ساڵی 1917 وەکو تێزێکی دکتۆرا وەرگێراوە، کە تێیدا هاتووە، گەنجێك خۆی بە کیسرا ئەنۆشێروان دەناسێنێت بۆ خزمەت کردنی لەکۆشك ،هەرچەندە دایك و باوکی نەبووە واتا هەتیوو بووە ،بەڵام لە خێزانی خانەدانەکان بووە ،کە سەرپەرشتیارانی باشترین جۆری پەروەردەیان بۆ فەراهەم کردووە (باتملە 1337: 43) لە دەقەکەدا هاتووە :لە تەمەنێکی دیاریکراو خراوەتە بەر خوێندن،وەك( خوێندنی سەرەتایی) ،بەشە سەرەکیەکانی ئاڤێستا و ڕاڤەکانی لەبەر کردووە هەروەکو( هەربدێك) کەسیکی رووحانی لێهاتووە ،دواتر لە خوێندنی ناوەندی فێری چەند زانست و هونەرێکی تر وەك ئەدەب و میژوو و ڕەوانبێژی و ئەسپسواری وتیر هاوێژی ،هەروەها فێری مۆسیقا و گۆرانی و ئەستێرناسی بووە .زۆر لێهاتوو بووە لە یاری شەترەنج و چەندەها یاری تر شارەزا

بووە،هەروەها ئەوەشی بە شاه ڕاگەیاندووە کە چێشت لێنەرێکی بەتوانایەوە لەگەڵ ئەوەشدا هونەری جلێ پۆشین دەزانێ .(کریستنسن 1957: 402)شازادەکان حیکمەتە ئیلاهیەکان کە لە ئایینی زەردەشتی باسکرابوون لەلایەن(موغەکان)مامۆستای ئایینی فێر دەکران و تاوەکو هەمووکارێك بە ڕاستی و دروستی ئەنجام بدەن بەوەی هونەری ژیان فێر ببن . لە ڕەفتار و ئاکاری جوان و چۆنیەتی دوورکەوتنەوە لە زوڵم و ستەم و تەماکاری و خۆپاراستن لە کردەوەی ناشیرین و ناپەسەند و ،هەروەها لەسەر چاونەترسی و پیاوەتی و ئازایەتی ڕا دەهێنران (ایرانی 1334: 50) لەهەمان کات دا فێری خوێندن و نوسین و بیرکاری (صدیق1355 :18)و سوارچاکی و هونەری جەنگ و تیر هاوێژی ورم هاوێژتن و ڕاووکردن و مەلەوانی دەکران ئەمە وەکو لایەنی پەروەردەی جەستەیی وابووە. کەواتە بۆ پێگەیاندنی شازادەکان پەروەردەی دەروونی و جەستەیی گرینگی پێ دراوە ، لە ڕێگەی ئەنجام دانی وەرزش. واتا بەهێزکردنی جەستەیی و گیانی (الجسم والعقل) بەوەی پێویستە پارێزگاری لە هەردوولایەنی روح و جەستە بکرێ و گرینگی پێ بدرێ. لە دینکردی بەشی حەوتەم هاتووە :عەقلی تەندروست لە جەستەی تەندروست دایە بەوەی ئەگەر جسم تەندروست نەبی گیانیش ناتەندروست دەبێت(دینشاه 1334: 72). بۆ نموونە لە ژیانی ئەردەشێر کوری باك دەردەکەوێ لەگەڵ ئەوەی لە پەرستگا فێری بنەماکانی ئایینی زەردەشتی ببوو بەڵام فێری سوارچاکی ئەسپسواری و تێرهاوێژ ببوو. لەمەوە دەتوانین فێربوون و پەروەردەکردنی شازادەکان لەم چەند خاڵانە کورت بکرێتەوە:

ا :شازادەکان واتا ئەوانەی لە داهاتوو دەبوونە شاه، فێری زانستە ڕامیارییەکان و بەرێوەبردن وهونەری جەنگی دەکران و هەندێ جار زمانی بیانیش گرینگی پێ دەدرا . لە چوار ساڵیەوە دەدرانە مامۆستای تایبەت بۆ ڕاهێنان و پەروەردەی هزری و جەستەیی شازادەکان فێری زمانی تر دەدرا وەك زمانی یۆنانی و عەرەبی و ڕۆمانی دەکران.وەکو بهرام پێنجەم زمانی عەرەبی زانیوە.هەروەها کیسرا ئەنۆشێروان توانای خوێندنەوەی یۆنانی هەبووە و(ولمبر 1985 :43)

ب . منداڵانی گەورە بەرپرسەکان(شەهرداران واسپهران ئازادان ) لەپاڵ وانە گشتیەکان کۆمەڵێك زانستی تر فێر دەکران هەروەکو شازادەکان فێری بەرێوبردن ووڵات و هونەری جەنگی دەکران ،کە زیاتر جەخت لەسەر هونەری جەنگ دەکەرایەوە چونکە ئەوان بە زۆری دەبوونە سەرکردە لەسوپای دەوڵەت. .

ئەو دوو بەشە جۆری پەروەردەو فێرکردنی تایبەتی بووە لە کۆشك شوێنی تایبەت کە بە جۆرێ دلگیر و خۆش بووە پڕ لە گوڵ و سەوزایی وەکو باغچە و گوڵستان وا بووە(بیژن 1350 : 40) مامۆستای تایبەت دەچوون بابەتە جیاوازیەکانیان پێ دەووتن، هەندێکی تر دەڵێن لە ناو کۆشکی شاهانە فێردەکران بەڵام هەروەکو ئامادەکاری وابووە بۆ وەرگرتنی پۆست و پلە باڵاکانی دەوڵەت، داهاتوویان دیار بووە بۆیە پێویست بووە بە چاکترین شێوە ئامادە بکرین.

## 3. بەشی سێیەم

### حوکمڕانی چینایەتی و نێرسالاریی لە پەروەردە و فێرکردندا

### 1.3. پەروەردە وفێربوونی چینی گشتی:

کەچی زۆرینەی خەڵکە هەژارەکانی شار و لادێیەکان لە خوێندن و خوێندەواری بێ بەش بوون بەتایبەتی جووتیارانی ناوچە دوورە دەستەکان،هەروەکو دیورانت (2010)ئاماژە بەم ڕەوشە دەکات دەنووسێت چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا کێشەی خویندنیان نەبووە تەنها فێری سێ شت دەبوون ، ئەسپسواری و تیرهاوێژی وڕاستگۆیی.(2010: 610) ، بەڵام خەڵکی شارەکان بەتایبەتی بازرگانەکان لە بەر پێویستیان بۆ کاروباری کڕین و فرۆشتن ،تا ڕادەیەك خوێندن و نوسینیان زانیوە هەروەکو کریستنسن (1957) ئاماژەی بەوە دەکات دەنووسێت بازرگانان زۆریان خوێندن ونووسین و ژماردنیان زانیوە. هەروەها چینی پیاوانی جەنگ زۆربەیان نووسین و خوێندنی گشتی و سەرەتاییان وەرگرتوە.بەڵام بە شێوەیەکی گشتی چینی ڕۆشنبیر لەو سەردەمە دا ڕێژەیان کەم بووە. بۆیە هەر ئەمەش وای لە گەشتیارێکی چینی بودی (هوین تاسیانگ)کردووە بلێ ئێرانیەکان ئەوەندەی گرینگیان بە کارو پیشەی هونەری دەدا ،گرینگیان بە فێربوون نەدەدا : 278)1884 .( Beal چونکە چینی گشتی بەشی زۆری کۆمەڵگا بوونە ئەوانیش بە هۆی مژوڵ بوونیان بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیانی ڕۆژانەیان گرینگیان بە فێربوون و خوێندن نەداوە.

ڕەوشی ژیانکردن وا دەکات خوێندن سنوودار بکرێت، بە تایبەتی ئەگەر لە دەوڵەتدا خوێندن زۆرەملێ ( ئیجباری ) نەبێت وێڕای ئەمەش زەردەشتییەت فێرکردنی تاکەکانی کۆمەڵگای فەرامۆش نەکردووە . بۆیە لە مێژووی ساسانیدا ، کە زیاتر دەوڵەتێکی زەردەشتی بوو ، چەند ئاماژەیەك هەن کە لە سەردەمی (ئەردەشێر کوڕی بابك) لەسەر هەر کۆلانێك ئاتاشگایەك هەبوو ،لە ناو هەر ئاتەشگا شوێنی فێربوون هەبووە هەروەکو فیردەوسی لە شانامەکەی دەگێرێتەوە کە لەسەردەمی (ئەردەشێری کوڕی بابك 224–241 م)خەڵکی ئێران منداڵەکانیان دەسپاردە دەستی (فەرهەنگیان) (مامۆستا یان وانەبێژ) کە لە هەر کۆلانێك قوتابخانەیەك هەبووە کە لە هەمان شێوێنی ئاتشگاکان بووە، خەریکی پەروەردەو فێرکردنی منداڵان بوونە. هەروەکو دەنوسێت :

همان کودکش را به فرهنگیان سپردی چو بودی از اهنگیان
به هر برزن اندر دبستان بدی همان جای اتش پرستان بدی :1361)
(427 : 4

لەو سەردەمە دا زانیاری لەبارەی فێربوونی چینی گشتی کەمە یان نییە،ئەوەی هەیە زیاتر تایبەتە بە شێوازی خوێندنی تایبەت بۆچینی پلە باڵاکان(نفیسی1388: 42) ئەمە لەوە سەرچاوەی گرتووە کە بە شێوەیەکی بەرفراوان زانیاری زۆر و هەواڵی سەرنج ڕاکێش و ووردی ژیانی پاشاکان ودەسەڵاتداران تۆمار کراوە.بەوەی بە هیچ شێوەیەك ئاماژە بە ژیانی خەڵکی ئاسایی نەکراوە،چونکە نوسینە مێژوو زیاتر ژیانی دەسەڵاتداران دەخاتەڕوو .بەڵام بە پێی پەند و ئامۆژگارییەکان ، کە تێیدا هاتووە کە هانی خەڵك دەدەن کە منداڵەکانیان بخەنە بەرخوێندن و فێربوونی هونەر،هەروەکو لە پەندنامەی (ئازەرباد ماراسپەند) هاتووە: ژن و منداڵت لە خوێندن و فێربوون و هونەر بێبەش مەکە تا دواتر پەشیمان نەبیتەوە و خەمی پێ نەخۆی (دینشاه1334 :96). هەروەها فەرمایشتەکانی ئایینی زەردەشتیەت وەکو ئەرکێك وا بووە بۆ گشت ئەندامانی کۆمەڵگا لە هەر چینێك بێت پێویست بووە منداڵەکانی خۆیان بخەنە بەرخوێندن و فێرکردن .بۆ خەڵکی ئاسایی لە تەمەنی حەوت ساڵی تا تەمەنی پازدە ساڵی وەك خوێندنی ناوەندی بووە کە منداڵان فێری بنەماکانی ئایین و ئەخلاق و خوێندن و نوسین و بیرکاری و پەروەردەی جەستەیی دەکران. (صدیق 1355 :18)دوای تەمەنی پازدە ساڵی خوێندنی بالا دەستی پێ دەکرد ،کەزیاتر شێوازی پسپۆری بووە لە بوارەکانی فێربوونی کرداری.بەڵام لەوە دەچێ چینی گشتی ڕێژەیەکی کەمیان نەبێت کە نەیان توانی بێ خوێندنی باڵا تەواو بکەن .بە پێی ئەو پێگە کۆمەڵاتیەی هەیان بووە زیاتر فێربوونی کاری پیشەیی بووە کە هەمان پیشەی باب و باپیرانیان(حکمت 1350: 376) ئەوانە زۆربەی چینی چوارەمی کۆمەڵگای ساسانی دەگرتەوە بەوەی پیشەکانیش بۆ ماوەیی بووە(بیژن 1315: 65) منداڵانی هەمان پیشەی باوانەکانیان فێر دەکران وەك سنعاتکاران، پیشەورانی کانزاکاری و دارتاشی و ڕستن و چنین و کاری تری هونەری (تاج بخش 1381: 403)منداڵانی پیاوانی ئایینی و بازرگانەکان لەسەر هەمان کارو پیشەی باو باپیرانیان پەروەدە دەکران.بۆ نموونە کوری رووحانیەکان فێرە تعلیماتی ئاڤێستا دەکران چونکە دواتر شوێنی باوکیان دەگرتەوە، ومنداڵانی نووسەران و بازرگانان زانستی ژماردن و خوێندن و نوسین فێر دەکران .(حکمت 1350: 376 ) بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بەرنامەی پەروەردەو فێرکردن بۆسێ بەشی سەرەکی دیاری بکەیین:

1. پەروەردەی ئایینی و ڕەوشت
2. .2پەروەردەی جەستەیی
3. فێربوونی خوێندن و نوسین و بیرکاری.(چمیری1373 :20“ صدیق1355 :18)

### 2.3. پەروەردەو فێرکردنی کچان:

پەروەردە و فێرکردنی کچان لە دەوڵەتی ساسانی بۆ ماف و پێگەی ئافرەت دەگەڕێتەوە .بەوەی لەکۆمەڵگای ساسانی بەهۆی سیستەمی چینایەتی ئافرەتانی چینی خانەدانان وپلە باڵاکان و چینی گشتی جیاواز بووە. چونکە ئافرەتانی پلە باڵا ماف و پێگەی تایبەتیان هەبووە. ڕۆڵ و پێگەی ئافرەتانی چینی گشتی لە چوارچێوەی خێزان بووە. بۆیە گرینگی بە فێربوونی لە دەروەی خێزان نەدراوە. چونکە ئافرەتان لەو سەردەمە تەنها بۆ دوو مەبەستی سەرەکی بوونە ئەوانیش منداڵ بوون و خزمەت کردنی پیاو بووە . لەبەر ئەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی ساسانی نێرساڵاری بووە(شعبانی1380: 334). هەروەکو کۆمەڵگا سەرەتاییەکان تری ڕۆژهەڵات کەتێیدا ڕەگەزی نێر بە تاکە بەرپرس وخاوەن دەسەڵاتی ڕەها بووە، لە گشت بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی.چونکە لەسەر بنەمای ڕەگەز هەڵسوکەوت لەگەڵ تاکەکان دەکرا ، لە دیدی ئەوانەوە کچ هیچ سوودێکی ئابووری نابێ بۆ باوکەکە چونکە بۆ ماڵێکی تر دەچێ،کە کەسانێك جیا لە باوکیان سوودیان لێ وەردەگرن. بەڵام کوڕەکان بۆ باوکیان سوودی ئابووریان هەبووە ،هەروەها بۆ پاشاش شەڕیان دەکرد بۆیە لە کۆمەڵگای ساسانی ئەوەندەی بەختەوەر دەبوون بە لە دایك بوونی کوڕان بۆ کچان وانەبوونە، هەروەکو دیورانت دەنوسێت : باوك داوا لە خوا ناکات کچێکی بداتێ، چونکە کچ بە نیعمەت نازانێ،کە خوا بە مرۆڤی بەخشیوە. (2010: 610 ). بۆیە بۆ لە دایك بوونی کوڕ چەندەها مەراسیم و ئاهەنگی تایبەت سازدەکرا بۆ دەربڕینی سوپاسگوزاری بۆ ئاهۆرامەزدا ،وەك خێرکردن و سەربڕینی ئاژەڵ . تا بڕی خێرکردن هی کوڕان زیاتر بووە بە بەراوورد لەگەڵ کچان (کریستنسن 1957: 311) .بۆیە ئەوەی لە شەرحەکانی ئاڤێستا هاتووە پێگەی ئافرەت تەنها لە چوارچێوەی خێزان دا دیاری دەکات وەك لە( دینکرد 9) هاتەوە بەوەی پێویستە کچان فێری ماڵداری بکرێن چونکە کاری سەرەکی ئەوان پەروەردە کردنی منداڵە. هەروەها لە بندەهش هەمان ئەرك دیاری دەکات کە لە(بارەی ژنان )ئاماژەی بەوە دەکات ئەرکی سەرەکی ئافرەت ،منداڵ بوون و پەروەردەکردنیتی کە دەڵێ (هورمزد رووی لە ژن کرد و فەرمووی:ئەی ژن ،تۆ دەژیت بۆ ئەوەی ژن و پیاوی مەزن و پاك و بە هێز لە ئامێزی پاك و پیرۆز و پر خۆشەویستی خۆتدا پەروەردە بکەیت ،کە ببێتە هۆی نەهێشتنی دوژمنانی ڕاستی و پاکی لە جیهان دا) (بندەهش 1395: 83) .لەمەوە دەردەکەوی کە پەروەردەی

ئافرەتان لە چوارچێوەی ماڵەوە بووە ،لەبەرئەوەی ئەوان لە ژێر سێبەر و هەژموونی ئایینی زەردەشت ژیانیان دەکرد بۆیە هەموو ئاواتیان ئەوە بووە کچەکانیان فێری کاروباری خێزانی بکرێن تا تەمەنی پازدە ساڵی ئامادەیان بکەن تا بە شوویان بدەن . وەکو لە پەندنامەی (ئازەرباد ماراسپەند)لە بەندی 58 دەڵێ(منداڵەکەت چ کور بێ یان کچ بیبە بۆ خوێندنگا با لەداهاتوو پەشیمان نەبیەوە خەفەت بخۆی )  واتا لە قۆناغەکانی یەکەم دووەم وەکو پەروەردەی کوڕان بوونە ، فێرگەی سەرەتایی لە ناو خێزان دا فێری ڕێکخستن و پاک و خاوێنی و پۆشینی جل و بەرگ  دەکران ،بەڵام لە قۆناغی سێیەم لە گەل کوڕان جیا دەکرانەوە . کچەکان فێری ماڵداری دەکران هەروەکو (بارتمله)  بە گریمانەی بەهێز ئاماژەی بۆ دەکات بەوەی کە پەروەردەی کچان زیاتر لایەنی کاروباری ماڵەوە بووە، چونکە کچان بۆ ئەوە پەروەردە دەکران تا ببنە کابانی ماڵ .( 1337 :43) .لەوانەیە ئەم جۆرە پەروەردەیە تایبەت بیت بە چینی گشتی. بەڵام بۆ ئافرەتانی چینی باڵا جیاواز بووە ، چونکە بەڵگەی بەهێز لەبەردەستە کە پەروەردەی زانستی لە نێوان ژنانی چینی باڵای خانەوادەکانی ساسانی باو بووە بەتایبەتی لەبارەی شارەزایی ئافرەتان لە دادەوری و مافناسی دا هەروەکو بارتمله و کریستنسن ئاماژەی پێ دەکەن بەوەی لە پەرتووکی ماڤ (کتاب حقوقی)(ماڗیگان هزار–داڗستان)  هاتووە کە: ڕۆژێك دادوەرێك بۆ دادگا دەرۆیشت. لە ڕێگا پێنج ژن دەوریان داوە ،یەکێك لەوان چەند پرسیارێکی لێ کردووە لەبارەی بابەتی یاسایی تایبەت لەوانە وەك بارمتە و لە ئەستۆگرتن .بەڵام کاتێ گەیشتە پرسیاری کۆتایی دادوەرەکە وەڵامی بۆ ئەو پرسیارە نەبوو .لەو کاتە یەکێ لە ژنەکان ووتی: ئەی دادوەر مێشکت ماندوو مەکە بڵێ نازانم بە ڕاستی بڵێ نازانم ،لەگەڵ ئەوەش وەڵامی ئەو پرسیارە ، نووسراوە لە ڕوون کردنەوەی (مەگوگان ئەندرزبد) هەیە.(بارتمله1377  : 44 " کریستنسن 1957: 403) لەوە دەردەکەوێ خوێندنەوە فێر بوونی زانستی یاسا و مافناسی لە نیو ژنانی سەردەمی ساسانی نامۆ نەبووە، واتا خوێندنی باڵا لە نێو کچانیش هەبووە. تا بگاتە ئەو ئاستەی پسپۆری هەبێ لە لای موبیدان بخوێنێ و شارەزای ووردەکارییەکانی یاسا و دادوەری بێت. چونکە پێشتر لە سەردەمی ئەشکانیەکان ئاماژە بە شارەزایی ولێهاتوویی ئافرەت دەکرێ کە شارەزایی لە ژمێریاری و حیساب هەبووە وەك(ئەرتادۆخت) خەزنەداری دەوڵەت بووە لەسەردەمی (ئەردەوانی چوارەم)کەهەوڵێکی زۆی داب ۆ کۆکردنەوەی سامانی ووڵات. توانیوەیەتی زۆر بە شێوەیەکی ئابوریانە،ئیدارەی خەزێنەی دەوڵەت بکات بە بێ هەبوونی بچوکترین هەڵە. ڕێگەی نەدەدا سامانی دەوڵەت بە فیرۆ بروات مەگەربۆ شتی زۆر پێویست نەبوایە پارەی خەرج نەدەکرد زۆر بە باشی دەستی گرت بوو بە سامانی دەوڵەت (علوی 1395: 38). هەورەها بیژن (1315) ئاماژە بە هەبوونی ئافرەتی مامۆستا دەکات لەسەردەمی ساسانی ، مامۆستای ئافرەتان بووە کە پێیان دەووت (ئاتون) کە کچانی فێری نوسین و خوێندن وکاری دەستی دەکرد (1315: 64) .لەمەوە دەردەکەوێ ئافرەتان لەو ئاستە بوونە کە فێری زانست و زانیاری ببن و ببنە فێرکار و خەڵکی تر فێری خوێند ونوسین وکاری هونەری بکەن.بەڵام لەوە دەچێ ڕێژەیان زۆرکەم بووبێ . چونکە ئافرەتان زیاتر گرینگیان کاری ناو ماڵ داوە . لە پەروەردەکردنی منداڵ و ڕێکخستنی خێزان کارە سەرەکیەکانی ئافرەت بووە (زنجانی اصل1387 : 131) .جگە لە خوێندن و نوسین ژنانی چینی باڵا فێری وەرزش و ئەسپسواری چوگان(پۆلۆ) و ڕاو و تیرهاویژی دەکران ، هەندێکیان زۆر ئازا و شارەزا بوونە بە تایبەتی لە یاری چوگان (یاری پۆلۆ) ، هەروەکو (شیرین) خۆشەویست و دۆستی خوسرەو پەروێز کە دواتر( دەبێتە شاژن)  زۆر شارەزا و لێهاتوو بووە لەو جۆرە یارییە کە نیزامی گنجەوی ( 1140 –1202) و فیردوسی لە شانامە ئاماژەیان پێ کردووە کە(شیرن) زۆر لێهاتوو و شارەزا بووە  لە گەڵ(خەسرەو پەروێز) ئەو یاریەی کردووە(صدیق1336: 83) ،هەروەها (گوردیە) خوشکی بەهرام چۆپین شان بەشانی براکەی جەنگاوە و سەرکردایەتی سوپای کردووە لە دژی پاشا (خوسرەو پەروین)بەشەڕهاتووە ، دواتر بووە بە هاوسەری خوسرەو. (بنایی1396: 12) تا ئەو ڕادەیەی هەندێ لە ژنانی ناو کۆشکی شاهانە توانیویانە لە ڕووی سیاسیەوە کاریگەریان هەبێت تا ئەو ڕادەیەی ببێتە دەسەڵاتدار بۆ نموونە هەروەکو هەردوو کچی کیسرا پەرویز (ئازەرمیدۆت) و (بۆران دۆخت)پەرویز بوونە بە پاشا و دەوڵەت بەرێوەببەن  (الیعالبی1963 : 736)

### 3.3. کات و شوێنی خوێندن:

دوای پەروەردی خێزانی بۆ فێربوونی ئایین و زانست ڕەوانەی فێرگە دەکران کە هەر لە ناو ئاتشگای زەدەشتیەکان بووە، وەکو قوتابخانەی ئایینی وابووە کە پێی دەووترا(موغستان) و (هیربدستان) (دریای 1383: 144) کە بۆ چینی گشتی بووە. بەڵام شوێنی فێربوون بۆ شازادەکان جیاواز بووە بەوەی لە نزیك کۆشکی شاه بووە پێ دەووترا (فرهنگستان)،کە تایبەت بووە بە شازادەکان و کوڕانی خانەدانەکان و پلە بەرزەکان (بیژن 1315: 61) . ئەوان بابەتەکانیان جیاواز بووە لەگەڵ چینی گشتی، ئەوان زیاتر فێری زانستی ڕامیاری و زمان و بەرێوەبردن و مەشقی سەربازی و هونەری جەنگ و یاری و وەرزش دەکران لەگەڵ ئەوانەش مەرج بوو ئایین و فەرمایشتەکانی ئاڤێستا فێربکرێن . بەم جۆرە تاوەکو لە ڕووی دەروونی و جەستەییەوە ئامادە

بکرێن بۆ خزمەت کردنی وولّات و وەرگرتنی پۆستی ئیدری لە دەولّەت
.

لە سەردەمی ساسانیەکان سەربارى ئەتشگا قوتابخانەى تایبەت بۆ فێربوون دامەزرا .کە پێویست بوو دوور بێت لەناوبازار تاوەکو فێرخوازان گوێبیستی درۆ و ووتەى نەشیاو نەبن (دیورانت 2010: 619) لەو قوتابخانانە هەروەکو ئاتشگا فێرخوازان فێرى جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی ئایینی وسروود وفەرمایشتەکانی زەردەشت وڕەوشت وئاکار دەکران هەروەها وفێرى زانست و ژینگە دەبوون. بەوەى شارەزایی تەواویان لەبارەى جۆرەکانی رووەك وئاژەڵ و گیانەوەرانی سوود بەخش زیانبەخش ، هەروەها شارزایی تەندروستی ڕێگە چارەسەریەکانی دەبوون (حکمت 1350: 93) بەشێوەیەکی گشتی کاتی خوێندن لە بەیانیان دەستی پێ دەکرت، وەکو نەریتێك وابووە کە پێویست بوو لەکاتی بەیانیان دەست بەکار و خوێندن بکرێ(بیژن1315 :14) دیارە ئەمەش بەهۆى کاریگەرى فرمایشتەکانی ئاڤێستا بووە هەروەکو لەبەشی هەژدەمی (ئەڤدینداد) هاتووە ، کاتێ زەردەشت لە ئەهۆرامەزدا دەپرسێ پەیام هێنی پیرۆز کێیە؟لە وەڵام دا دەڵێ (کەلەشێر)ێکە کە هەواڵی خۆرهەڵاتن دەدات و دەڵێت(ئەى خەڵکینە هەستن ڕاستی و دروستی ستایش بکەن و دێوەزمەى تەوەزەلی لە خۆتان دوورخەنەوە ،ئەو دێوەزمەى (بوشیانستا جنی تەمەڵی و نوستن) دەست درێژ دەکەو دەیەوێ بتانگەڕێنێتەوە بۆ خەو کە دەڵێ بنوو هێشتا زووە)(الڤیندداد 2010: 160) ئێرانیە کۆنەکان منداڵەکانان پێش خۆر هەڵاتن لە خەو هەڵدەستاند. دیارە ئەم ڕەفتارە لە ئایینەکەوە سەرچاوەى گرتووە بەوەى زوو هەستان لە خەو بەکارێکی چاك هەژمار دەکرا، بە تایبەتی لەبەرەبەیانی زوو بۆ ئەنجام دانی پەرستش وکارکردن هەروەها لە ئامۆژگاریەکانی (بوزروگمهری دانا)داهاتووە پێویستە لەسەر هەر زەردەشتیەك بە تایبەتی جوتیارەکان کاتەکانی شەو و ڕۆژ دابەش بکەن ، بەوەى سێ یەکی لە ڕۆژدا بۆ ئایین و پەرستش بێت ،سێ یەکی بۆ کشتووکاڵ و سێ یەکی بۆ خواردن و پشوودان بێت(حکمت 1350: 367) منداڵەکان بە بەیانیان دەرویشتن بۆ قوتابخانەکان و ڕێگاى دووریان دەبڕی و هیلاك دەبوون بۆ ئەوە بووە تاوەکو بتوان لە داهاتوو لە زحمەتیەکانی ژیان ڕابێن وەکو پەروەردەى جەستەیی وا بووە . دواى تەواوکردنی ئەو قۆناغە وەکو سەرەتایی و ئامادەیی وابووە تا تەمەنی پازدە ساڵی، ئەگەر ئارەزووى خوێندنی زیاترى هەبووایە ئەوا پسپۆریەکی هەڵدەبژارد وەکو خوێندنی زانکۆ وابووە و دەڕۆشتن بۆ زانستگاکان بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمە وەکو زانستگاى جوندى شاپور یان مەدائین.

## 4. ئەنجامگیریی

لەم چەند لاپەڕەیەدا چەند ئەنجامێك بە دەست گەیشتوون ، لەوانە

1. مەبەست لە پەروەردە و فێرکردن لە دەوڵەتی ساسانیدا بۆ دروستکردنی کەسایەتی و هاونیشتمانی بە سوود " مواگن صالح "بووە.
2. ئەو کەسایەتیە هەڵگرى چەند ئەدگارێك بووە ، لەوانە نەتەوەپارێزیی ، ئایینپارێزیی تاکو دەوڵەتپارێزیی.
3. پەروەردە بەشێکی زۆرى بۆ پێگەیاندنی سەرباز و ڕاوێژکار و نووسیارى کۆشك بووە.
4. هەموو ئەو کادیرانەى لە کۆشك کارى دەوڵەتیان ڕادەپەڕاند دەرچووى قوتابخانە بوون.
5. ئەو نوسەرانەى کۆشکیش دواى تەواوکردنی خوێندن بە چەند فلتەر و پێوەرێك تێدەپەڕین تاکو پێگەیەکیان بە کۆشك پێدەدرا.
6. هەرچەندە دەوڵەت ، دەوڵەتێکی چینایەتی و باوکسالارى بووە ، بەڵام پەروەردە و فێرکردن تا سنوورێك بۆ هەردوو ڕەگەز و چینەکان بووە، چونکە چەندان بەڵگە هەن کە خوێندن بۆ کچان هەبووە ، مامۆستاى ئەو کچانەش ئافرەت بوونە.
7. پێکهێنەرەکانی پەروەردە و فێرکردن دامودەزگایی بووە ، یانی مامۆستا و شاگرد و پرۆگرام و شوێنکات هەموو ئامادەگیان هەبووە.
8. هیچ سەرچاوەیەك پشتگیرى ئەوە ناکات کە شاگرد لە هەر چینێك بیت لە سەرەوەى مامۆستا بێت ، چونکە خودى بەشێك بوو لە کۆشك.
9. مامۆستا هەر مامۆستاى شاگرد نەبووە ، بەڵکو هەندێ مامۆستا (نوسەران و پیاوانی ئایینی) ڕاوێژکارى شا و دەوڵەت بوون.

لە نێو دامودەزگاى پەروەردەدا زەردەشتییەت باڵا دەست بووە ، بەڵام تا سنوورێك ئازادى پەروەردە و فێرکردنی ئایینەکانی تر وەك مەسیحییەت و مانەوییەت و جولەکایەتی هەبووە.

## 5. ژێدەر

### 1.5. بە زمانی عەرەبی:

أ.ژێدەرى ڕەسەنی بە زمانی عەرەبی

ابن البلخی، مجهول (2001) فارس نامه .حققه وترجمه عن الفارسیه وقدم له :یوسف الهادی.القاهره ،الدار الپقافیه للنشر.

-الپعالبی ,ابو المنصور عبدالملك بن محمد بن اسماعیل النیسابوری(1963).تاریخ الغرر السیر (غرر اخبار ملوك الفرس وسیرهم).تهران,مکتبه الاسد.

الجاحظ ،ابو عپمان عمرو بن بحر (1914) التاج فی اخلاق الملوك .تحقیق,احمد زکی باشا .القاهره,مگبعه الامیریه.

الجهشیاری ،ابی عبدلله محمد بن عبدوس (1938)کتاب الوزراو والکتاب.القاهره،مگبعه مصگفی البانی الحلبی واولاده
الخوارزمی ,ابی عبدلله محمد بن احمد بن یوسف الکاتب (1895).مفاتح العلوم .مصر،مگبعه بریل بلیدن.
الدینوری، ابی حنیفه احمد بن داود الدینوری ( 1959). اخبار الگوال . السعودیه ,المکتبه الشامله الحدیپه.
الگبری,محمد بن جریر(1998) تاریخ الگبری المعروف بتاریخ الامم والملوك. الجزو الپانی . بیروت,منشورات موسسه الاعلمی للمگبوعات .
ابن قتیبه الدینوری ، ابو محمد عبدلله بن مسلم (2008) عیون الاخبار. تحقیق: منڑر محمد سعید ابو شعر. بیروت ه المکتب الاسلامی.
المجهول (1375) نهایه الارب فی اخبار الفرس والعرب.تهران ،انتشارات وزارت فرهنگ وارشاد اسلامی.
مسکویه ،ابی علی احمد بن محمد بن یعقوب(2002). تجارب الامم وتعاقب الهمم.تحقیق,سید کسروی حسن. بیروت ,منشورات علی بیچون دار الکتاب العلمیه.
ابن الندیم ،محمد بن اسحاق الندیم(1997).الفهرست . بیروت ،دار المعرفه.
یاقوت الحموی, شهاب الدین ابی عبدلله یاقوت بن عبدلله (1977) معجم البلدان. الجزو الپانی بیروت ، دار صادر.

### 2.5. ژێدەر لاوەکی بە زمانی عەرەبی

ڤندیداد ،الابستاه .نقله من الفرنسیه داوود الچلبی. اربیل،دار ئاراس للگباعه والنشر.
احمد,الشفیع الماحی (2001) زرادشت والزرادشتیه ,الکویت،حولیات الاداب والعلوم الاجتماعیه –الحولیه الحادیه والعشرون.
امین، احمد (2012) فجر الاسلام .مصر، موسسه هنداوی للتعلیم والپقافه.
باقر،گه ورشید ،فوزی وهاشم، رچا جواد (1980) تاریخ ایران القدیم . جامعه بغداد ، وزاره التعلیم العالی والبحپ العلمی.
باقر،گه وعلی ، عبدالواحد وسلیمان، عامر (1980) تاریخ العراق القدیم . الجزو الپانی . جامعه بغداد ، وزاره التعلیم العالی والبحپ العلمی.
بکار، عبدالکریم (2011) حول التربیه والتعلیم . دمشق،دار القلم.
دورانت،ول(1947) قصه الحچاره الفرسیه. ترخمه: ابراهیم امین الشواربی. مصر،الناشر مکتبه الخانجی.
رزقانه،ابراهیم احمد و شکری ، محمد انور وابوبکر،عبدالمنعم و محمود،حسن و حسنین،عبدالمنعیم (ب.س).حچاره مصر والشرق القدیم .القاهره،مکتبه مصر للگباعه.
زیدان ، یوسف(2013) دوامات التدین.مصر، دار الشروق.
سمار، عبود (2018) الالهه اناهیتا فی التگور التاریخی لعبادتها.مجله جامعه واسگ ,السنه 1, العدد 31, ص 187–ص328.
سبنسر ، هربرت (2012) التربیه . ترجمه : محمد الصباعی.مصر، موسسه هنداوی للتعلیم والپقافه.
صبری،محمد (2011).التلمود شریعه بنی اسرائیل حقائق ووقائع. القاهره،مکتبه مدبولی.
خالفی،جمیله (2017) التعلیم والمدارس التعلمیه فی بلاد الرافدین. رساله دکتوراه غیر منشوره ،الجزائر ، جامعه الجزائر ،کلیه العلوم الانسانیه.
عامر ، گارق عبدالرؤف (2008) اصول التربیه الاجتماعیه و الپقافیه و الاقتصادیهwww.pdfactory.com.
عبدالدائم ، عبدالله (1973) التربیه عبر التاریخ.بیروت، دار علم للملایین.
عبدالرحمن ، خلیل (2008) افستا اللکتاب المقدس للدیانه الزرادشتیه. سوریا، روافد للپقافه والفنون.
العمرانی ،عبدالغنی محمد اسماعیل (2014) اصو التربیه. گ 2 . صنعاو،دار الکتب الجامعی .
عاشور، صفا عونی حسین(2005) قچایا المراه المسلمه والغزو الفکری .رساله الماجستر غیر المنشوره،غزه، الجامعه الاسلامیه.
الغفری،اشرف رفیق محمود(2015) اپر الحچارتین الفرپیه والبیزنگیه علی الترتیبات الاداریه فی عهدعمر بن الخگاب،فلسگین ، الجامعه الاسلامیه ، غزه ،رساله الماجستیر غیر المنشوره.
غنیمه ،یوسف رزق الله(1036) الحیره المدینه والمملکه العربیه.بغداد ، مگبعه دنکور الحدیپه.
-فردوسی ,ابی القاسم (1977 ) الشاهنامه ملحمه الفرس الکبری ,ترجمه : سمیر مالگی . بیروت , دار العلم للملایین.
فخری ، ماجد (1958)ارسگر گالس المعلم الاول .بیروت، المگبعه الکاپولیکیه.
الکحل، امال (2014) تعلیمیه اللغه الفرنسیه فی الگور الابتدائی. الجزائر،
کریستنسن , ارپر(1957) ایران فی عهد الساسانیین .ترجمه: یحی الخشاب .بیروت, دار النهچه العربیه للگباعه والنشر.
کیال،باسمه (1981) ت:ور المراه عبر التاریخ .لبنان، موسسه عزالدین للگباعه والنشر.
ناصر ، ابراهیم عبدلله (1999) مقدمه فی التربیه . الاردن ، دار عمار للنشر والتوزیع.،
ولمبر، دوناد (1985) ایران ماچیها وحاچرها .ترجمه : عبدالنعیم محمد حسین. القاهره ، دار الکتاب المصری.

### 3.5. ژێدەر بە زمانی فارسی:

أ. کتێب

بندهش (1395) فرنبغ دادگی . تهران ، انتشارات توس– .
-کارنامه بابکان،اردشیر (1339). .تهران
_ایرانی ،دین شاه (1334).اخلاق ایران باستان.تهران ،سلسله انتشارات انجمن ورتشتیا ایرانی بمبئی .
_بارتلمه،کریستیان(1337). زن در حقوق ساسانی .ت.دکتر ناصرالدین صاحب الزمانی. تهران،موسسه مگبوعات عگائی .
_بیژن،اسدالله (1350).سیر تمدن و تربیت در ایران باستان(دورها ی اوستائی مادی و وهخامنشی) .تهران،انتشارات ابن سینا.
_بیژن ،ا (1315).چشم انداز تربیت در ایران پیش او اسلام.تهران ،چاپخانه خورشیدی.
_ بیات، عزیزلله (1357) اموزش پرورش در ایران باستان . بررسی های تاریخی .شماره2، سال سیزدهم ، ص 226–ص 254.
_پیگولوسکایا،نینا (1367). شهرهای ایران در روزگار پارتیان و ساسانیان ، ت. عنایت الله رچا. تهران،شرکت انتشارات.
پورداود ، ابراهیم (1378) گاتها کهم ترین بخش اوستا. تران، انتشارات اساگیر
_تاج خش،دکتر احمد(1381)تاریخ تمدن و فرهنگ ایران قبل از اسلام ،تهران،انتشارات یادوارە.

-حکمت، علیرچا(1350) .اموزش وپرورش در ایران باستان.تهران ،موسسه تحقیقات و برنامه ریزی علمی و اموزشی.

_دریایی,تورج (1383) شاهنشاهی ساسانی,تهران,انتشارات ققنوس.

- دەستخواه، جلیل (1371) اوستا کهن ترین سرودها ومنتهای ایرانی. تهران ، انتشارات فروهر.

-دیاکونوف،میخائیل میخائیلووچ (1390) تاریخ ایران باستان،ت.روحی ارباب،تهران،شرکت انتشارات علمی وفرهنگی.

-رچی, هاشم (1365) ادیان بزیگ جهان . تهران ، انتشارات فروهر.

_زرین کوب،عبدالحسین(1378) روزگاران تاریخ ایران از اغاز تا سقوگ سلگنت پهلوی.تهران ، انتشارات سخن.

_صدیق،عیسی(1355) دوره مختصر تاریخ فرهنگ ایران.تهران ،انتشارات دانشگاه

_چمیری ،محمد علی (1373).تاریخ اموزش و پرورش ایران واسلام .شیراز، تهران ،انتشارات راهگشا.

_عفیفی،رحیم(1374) اساگیرو فرهنگ ایران در نوشتەهای پهلوی. تهران ،انتشارات توس.

_علوی، هدایت الله (1377).زن در ایران باستان .تهران ،کتابخانه ملی ایران.

-فردوسی،(1361) شاهنامه .جلد چهارم. تهران انتشارات جاویدان.

-کریستن، ارتور(1345) مزداپرستی در ایران قدیم،ترجمه : ژبیح لله صفا .تهران ، انتشارات دانشگا تهران.

_الماسی،علی محمد(1370) تاریخ اموزش وپرورش اسلام ایران.تهران،دانش امروز.

. _مهرین،مهرداد(1388).تمدن ایران باستان.تهران ،پگاه مگبوعاتی عگائی

-نفیسی،سعید(1388) تاریخ تمدن ایران ساسانی ، تهران ،شرکت مگالعات نشر کتاب پارسه.

_نوریها،حسین(1372) پرورش در پرتو نیایش .تهران، انتشارات تفکر.

ب.توێژینەوە زانستییەکان بە زمانی فارسی

-اصلانی،نسرین وزرشناس، زهره (1396) تاپیر اوچاع اجتماعی دوران ساسانی بر شکل گیری اندرزهای دینی.زبان شناخت،پژوهشی علوم انسانی و مگالعات فرهنگی، سال هشتم، شماره دوم،،ص 55–ص 77.

-امانی، منصور(1387) روابگ سیاسی ایران ساسانی و قبایل صحرا گرد شرقی در بحبوبه هجوم اعراب.پژوهش نامه تاریخ،دوره 4 ،شماری 13، ص 1– ص 29.

_بیدکی، هادی (1397) سدره و کستی زردتشی وانعکاس ان در کشتی کرمانجی و شاهنامه فردوسی. دو کاهنامه فرهنگ وادبیات عامه ، سال 6، شماره 19، ص 176–ص194.

_زنجانی اصل ، محمد کریمی (1387)تدبیر منزل از اندرزنامه های ساسانی تا سیر الملوك های اسلامی. پرال جامع علون انسانی، شمارە 257–258، ص 130–ص137.

-خانی، گلنار قلعه و عزیزی ، علی (1384) اهمیت خانواده وازدواج در ایران باستان .مجله مگالعات زنان،سال اول، شمار اول، ص72–ص92.

_محمدی، حسین (1396) روابگ فرهنگی ایران و هند در عصر ساسانیان.جستارهای تاریخی ، پژوهشگاه علوم انسانی ومگالعات فرهنگی،سال هشتم،شماره اول ، ص157–ص172.

4.5. **ژێدەر بە زمانی کوردی**

_ئابادانی،عبدوللا موبلغی(2002) مێژووی ئایینی زەردەشتی.وەرگێرانی:وریا قانع. هەولێر، دەزگای ژچاپ و بڵاوکردنەوی رۆژهەڵات.

ئەفلاتون (2006) کۆمار . وەرگێران : سۆران حەمە و رێبوار قارەمانی و مەهدی حەسەن چۆمانی .هەولێر ،چاپخانەی پەروەردە.

-شاهرۆخ،کەیخەسرەو (2016) ئاوێنەی باڵانوێنی ئایینی یەکتاپەرەستی . و،فەرهاد عەبدولحەمید .سلێمانی ،ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل رۆژبەیانی.

_جەمیل ، کلپومە (2018) مێژووی کۆنی رۆژهەڵاتی نزیك .نوسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بلاوکردنەوە.

-دورانت،ویل (2010)مێژووی شارستانیەت ،و.عەبوڵڵای رەسوڵی،بلاوکراوەی خانەی چاپ وبڵاوکراوەی چوارچرا،سلێمانی

-قەقنەس ،جەلیل عەباسی(2018) ئاڤێستا مێژینەترین سروودی کوردی (یەشت)ەکان،سلێمانی ،ماڵی سوهرەوەردی بۆ توێژینەوە لە ئایین و ئەفسانە.

لیدمان، سڤێن ئێرك (19979 رێگوزەری بیری سیاسی .وەرگێران : ئاسۆس شەفیق. سولەیمانی،دەزگای سەردەم.

-وحیدی،حوسێن (2013) شاری رووناکی زەرەشت لە راپۆرتی گاتاکانەوە.وەرگێران:حەمەی کەریمی.سلێمانی،لە بلاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری جمال عیرفان.

5.5. **ژێدەر بە زمانی ئینگلیزی**

.Beal,Samuel(1884).Buddhist Recods the Restern western wirld. Transatd form the Chinese of Hiuen tasiang (A.D629) london.

.Cawasgi Katrak, Jamshid(1965)Marriage in Ancient Iran. India ,Bombay.

.Glenn E , Curtis and Hooglund,Eric(2008) , Iran a country study. Federal Research Division Library of Congress.

## التربية والتعليم في الدولة الساسانية 224–651 م

**الملخص:**

اهتم الدوله الساسانيه بالجانب التربوى اچافه الى اهتمامهم بامور الاداريه للدوله ،بعده دوافع منها الدافع الدينى ، حيپ كتابهم المقدس (افستا) وتعاليم زرادشت يوكدون على التربيه الفكريه والجسديه للافراد . كڽلك الوچع السياسى لدولتهم تگلبت بناو شخصيه مومنه وقويه للمواگنين لتاهيتهم للدفاع عن البلاد اپناو تعرچها لاعتداو او مواجهه الڤروف الصعبه .كانت للعمليه التربويه فى الدوله الساسانيه اتجاهان :الاول التعليم الخاص وكانت تشمل الگبقه الحاكمه وحاشيته . والپانى. التعليم العام لعامه الناس . وكڽلك كانت للمراه حق فى التعليم .

كانت عمليه التربيه والتعليم تشمل مرحلتين:

ا– التربيه والتعليم فى المنزل: فى هڽه المرحله يتم تربيه اگفال الاسر الحاكمه والنبلاو ابتداوا من الخامسه من العمر وتحت اشراف معلم خاص.اما بالنسبه لعامه الناس كانت مهمه تربيه والتعليم الاگفال تقع على كاهل امهاتهم وابائهم .حيپ يعلمون ويربون الاگفال على القيم الاخلاقيه الساميه .

ب_ التربيه والتعليم خارج المنزل

فى هڽه المرحله يتم تربيه الاگفال فى مكان خاص داجل المعبد , وبعدها يتم تعليمهم الكتابه فى المدارس . الاگفال الاسر الحاكمه والمسوولين كانوا يدرسون داخل القصور,وكانوا يدرسون المواچيع الدينيه وتفاسير افيستا . اما الدراسه المتوسگه كانوا يعلمونهم العلوم والفنون الاخرى كالاداب والبلاغه والتاريخ والموسيقى وكڽلك فنون الفروسيه والرمايه ويعنى هڽا انهم اهتموا بالجانبين المعنويه والجسديه معا. وكانت لعمليه التربيه عده اهداف منها :

زرع القيم الاخلاقيه فى نفوس الافراد وتنشاتهم على الروح القوميه .

## Education in Sassanide State 224-651 A.D

**Abstract:**

There are many concrete evidences on education in Sassanide times particularly supported from Avesta, Zoarest speeches and clergymen's instructions. In Sassanian period education is confined mainly to education of princes, the nobility and the clergy. Most peasants were illiterate, but most urban merchants were probably acquainted at least with writing and calculation. The education in Sassanian period can be classified into two stages:

A.

Education commenced from home :

The required education for a child of a noble or an upper-class family would begin attending school at the “proper age,” between five and seven years while children of lower class, their parents were their teachers.

B.

Education outside home

In this stage the apprentice would have completed general training and religious studies by the age of fifteen years. Inside sassanian palace temple (church) there was a kind of school where The princes were taught in the palace how to write. Furthermore, they learned the Pahlavi translation of the Avesta. Then after graduation from this educational stage they were taught many arts such as literature, history, rhetorics and training in horsemanship, archery, hunting, music and astronomy were strongly part of educational curriculum. Thus Sassanians gave great importance to both aspects of education: physical education and thought education

The purpose of education in Sassanide period had many targets including nation-_building and State -_building to serve their religion, state and people.

**Keywords:** Education, Zoarestrian , Clergymen , Nation-_Building